# بەسەرهات و گرتنی

# (صدام حسین)

# لەمەزرعەکەدا وەکو خۆی


نوسین و ئامادەکردنی

د.لقمان فاروق نانەکەلی


٢٠٢٤

# پێشەکی:

هەرنووسـەرێ یـا ئامـادەکارێ یـا وەرگێـڕێ زۆر مانـدوو دەبـێ تـا بەرهەمـێ دەنوسـێ، فکرەیـە و بەهرەیـە خـوای گـەورە بـەوی داوە، دووەم وائاسـان نـی یـە کەخوێنـەر بـە چەنـد دەقەیـەک دەیخوێنێتـەوە بەلکـو هـەر نوسـینێ ژان و ماندووبوونـی خـۆی هەیـە جـا بـاش یـا خـراپ بەسـود یـا بـێ سـود، بەداخـەوە دەبـێ مافـی نوسـەر بپارێـزرێ کـە هەرشـتێ نقـل دەکـرێ یـا بـلاو دەکرێتـەوە، چونکـە سـەروەت وسـامانی نوسـەر بەرهەمەکەیەتـی کـە نووسـینە، ئـەوەش بـدزرێ هیـچ جیـاوازی نـی یـە لەگـەل دزی پـارەو پـول کـە ئـەوەش بەیاسـا رێکخـراوە.

بۆیە تکادەکـەم هـەر کـەس بەرهـەم و نوسـینی یەکیکی تری بـرد یـا ئـەو بەرهـەم و نوسـینەی بـرد بـا ئاماژە بەسـەرچاوەکەو ناوی نوسـەر بکات، ئەگەر نا ناچار دەبین ڕێگای یاسـایی توند دژی بگرینـە بـەر، ئـەو نوسـینەی مـن پشـت دەبەسـتێ بـە زیاتـر لـە چەنـد سـەرچاوە یـەک کـە لەکۆتایـدا ئامـاژەم پیکـردوون، یـا گفتوگـۆی ناوبراوانـی نـاو بەسـەرهاتەکەیە کـە لـە کەنالـی یوتیـوب دا گۆیـم بۆگرتـوەو ئامـادەم کـردوە دواتـر بەبیرۆکـەی خـۆم دامرێژتیتـەوە، ئـەو کارەش یەکـەم نوسـینە بەزمانـی کـوردی دێتـە بەرهـەم و لـە ئەکاونـت و پەیجـی فیـس بوکـدا دام بەزاندووە لەسالی ٢٠٢١، خوێنەرێکی زۆر دەستخۆشیان لێکـردووم و شـاهێدی ئـەو ڕاسـتیەن بەلکـو بەپەرۆشـەوەش بـوون ڕۆژانـە کـە بەزنجیـرە دام دەبەزانـد، خەلکانێـک گوایـە

فیلمی لەسەر دەردەکەن و پێشتر ئەو بیرۆکەیان هەبوە وەک لەتەلەفزیۆنی ڕووداو باسی کردلەمانگی ١١ ی سالی ٢٠٢١ لای من گرنگ نی یە دەستیان خۆش؟

گرنگ ئەوەیە پەندوئامۆژگاریەکان بگەینم و مافی منیش نەخوریێ؟ بەلگەم هەیە کەس پێش من ئەو بیرۆکەی نەبوە بەزمانی کوردی و نوسین ؟ تکایە بە هیچ تێمەگەن ئەو ڕۆنکردنەوەم تەنها بۆ پاراستنی ملکیەی فکری یە؟سوپاسی هاوڕێیانم دەکەم کەزۆر وریان و پێم ڕادەگەیەنن و بەرگریش دەکەن ئەگەر بابەتەکە بدزرێ، هاوڕێیانیش سەرەوت سامانی گرنگ و خۆشەویستی منن، هیوادارم سودی هەبوبیتن بۆ گشت لایەک، حوکم هەرحوکمە لەڕێڕەوی خۆی لابدات توشی شکست دەبێ و ئەوکات سودی نی یە لەدەست دەردەچێ، هیوادارم کورد بەو ئاقارەدا نەروات خوای گەورە پشتیوانی هەموولایەک بێ ئەگەردەرفەت هەبێ لەداهاتودا بەشەکانی ناوسجن تەواو دەکەین حەزیش دەکەم سودی هەبێت بەگشتی وبەتایبەت بۆ نوسەران و ئەکتەران و دەرهێنەرانی بواری سیناریۆ وشانۆ و سینما بەسوپاسەوە.

# بەشی یەکەم

رۆژی ١٩-٤-٢٠٠٣ پاش مغریبەکی درەنگ، دوو سیارەی پیکەب هاتنە ناو مەزرەعەکەم، چوومە بەراییان زەلامەکی چارشانەی درێژ لە سەیارەی یەکەم هاتە خواری بەرەو رووی من هات سەلامی کرد گۆتی العم یریدک( مام ئەتوی دەویٚ)، ئەمنیش نەمزانی مەبەستی کیٚ یە؟ ئەمنی بردە کن سەیارەی دووەم دەرگای کردەوە دیتم سەید رەئیس (صدام حسین)ە بە دشداشە و عەگالی. گۆتم (یاهلا بالرئیس نورت) بەخێر بێی سەرۆک رووناکت کردەوە.

گۆتی کاکە قیس دەتوانم چەند رۆژەک لەلات بمێنمەوە؟ گۆتم فەرموو بەسەرچاو سەرۆک ئەوەی راستیش بی زۆر ترسام، چونکە ئەمریکا عێراقی داگیر کردیە وە مەبلغەک پارەی تەرخان کردیە لۆ دیتنەوەی صدامی، بەلام عورفی عشائیری و کەرەمی عەرەبی وایکرد خزمەتی بکەم.

صدام دابەزی لەسەیارەکەی لەسەر ئەو کەونە قەرۆیلە ژەنگاویەی دانیشت کە لەحەوشەی مەزرەعەی دامنابوو بەخۆم شەوان لەسەری دەنووستم ٤ کەسی چەکداری

لەگـەر بـوو بەوانـی گـۆت ئەنگـۆ بـرۆن ئەگـەر داوام کـردن قەیسـی دەنێرمـە دواتـان؟ ئـەوان رۆیشـتن، صـدام گۆتـی: قەیس حالـت چۆنـە؟ گۆتـم لەفەزلـی خـوا خـراپ نیـم، گۆتـی قەیـس سـەرم ژان دەکا لۆ چایەی دەتوانی چایەکی خەستم لۆ بینی، گۆتم سـەرچاوان هەرئێستا. چایەم لۆ هینا فری یەکەمی لێدا گۆتـی ٥ رۆژە چایـەم نەخواردیـە.

گۆتـم سـەیدی برسـیت نـی یـە؟ گۆتـی بـا بـەس چتـان هەیـە و لێتـان نایـە لـۆم بینـە.

چومـە ژوریٚ خێزانـم هەمـوو لەشـی دەلـەرزی .گۆتـی قەیس ئـەوە صدامـە بەچایـی و برنجـە سـۆرەی مـە ڕاز یـە، گۆتـم مەترسـیٚ ئـەوی خـوا بکا ئـەو باشـە؟

گڕەگـڕی کۆپتەروتەیـارەی لەعاسـمانی دەهـات لەسـەر مەزرەعـەکان دەسـوڕانەوە و گلـۆپ و بلاجکتۆریـان لـیٚ دەدا گۆتـم سـەیدی باشـترە بچینـە ژۆریٚ نـەوەک بێرەدابێـن گۆتـی باشـە. ژۆرەکم هەبوو نیوەی مطبخ بوو نیوەکەی دی بەتـال، محاوەلـەم کـرد قەلوێرەکـەی هەڵگـرم نەمتانـی صـدام گۆتـی: راوەسـت لایەکی دەسـتدایٚ و لەگەلی هەڵگرتـم قەلوێرەکەمـان بـردە مطبخەکـەی. دۆشـەکەکی ئیسـفەنجی چلکـن و بالیفەکـی لەسـەر بوو شـەرمم لەخۆ کردەوە دەسـتم دایٚ بیبەم بیگۆڕم، صـدام گۆتی چ دەکەی قەیس؟ گۆتـم سـەیدی ئـەو دۆشـەک و بالیفـەی دەگـۆرم، گۆتـی پێویسـت نـاکات بـەس چەرچەفەکم لۆ بینـە؟ چـووم چەرچەفەکـی خاوینـم هینـا و رامخسـت لەسـەر

دۆشەکەکەی صدام لەسەر قەلوێرەکەی راکشا و ئاهێکی هەلکێشا کە پشتی کەتە سەرقەرویلەکەی.

ئەمنیش چووم خواردنی لۆ بینم هەتا هاتمەوە خەوی لێکەتبوو زۆر هیلاک دیاربوو، تەماشای صدامم دەکرد لە خەیاڵی خۆم دەمگۆئەوە خەونە.....راستیە.

یازدە سال پێش ئەورۆم بەبیر هاتەوە ساری ۱۹۹۲ وەکی هاتە مەزرەعەکەی من، دوو کۆپتەرو ۱۰۰ سەیارەی پڕ چەکدار و دەبابەو ناقیلەوسەیارەکی لەگەر بوو بەس مطبخ بوو، ئەوکات هاتە ناو مەزرەعەکەم گۆتی دەمەوێ یادی ئەو رۆژەی پەڕینەوەی ڕووبار بکەم ساری ۱۹۵۹ کە لەعبدالکریم قاسمم دا بەبرینداری لێرە پەریمەوە. دەمەوێ ئەویادە بکەمەوەو دعایەش کرایە گوایە صدام نەخۆشی شێرپەنجەی(سرطان) گرتیە دەمەوێ پێیان نیشان دەم صدام صدامی جارانە؟

ئەوکات گۆتی مەلەوانی دەزانی قەیس ؟ گۆتم بەرێ سەیدی، گۆتی دەی با بچینە ئەوبەری و بێینەوە؟ گۆتم باشە، لەو پەڕینەوەی ساری ۱۹۹۲ کەدیتی ئەمن مەلەوانەکی باشم و لەگەری دەرۆیشتم ئەقلی ئەمنی گرت، ئەوکات گۆتیە عبد حمودی ناوی بنوسە و با ببیتە دەستەی تایبەتی من لەمەلەوانی.

ئەوانەم بەبیر دەهاتەوە موچرک بەلەشم دادەهات ئەوەش صدام حسێنە وا لەمالی من بێکەس و بێ حمایە لەسەر

کەونـە قەڵەوێـرە ژەنگاویەکـەی قەیسـی درێـژ بـوە، چویتـە خەوەکـی خـۆش وادەزانـی فنـدق میریدیـان ورەشـیدە ... ئـای زەمانـە.

# بەشی دووەم

دڵم نەهات رەئیسی بەخەبەر بینم نانەکەم لەسەر مێزەکەی تەنیشتی دانا و چومە دەرێ لە غورفەکەی دەرکەکەم لەسەرەخۆ پێوەدانەوەک جیرەجیری بکاتن، لەبن هەیوانەکەی لە سەر عاردی چارچمکی دانیشتم، دیسان کەتمە ناو خەیالان ئەوە صدامە ئەمن لەناو ماری خۆم و بویمە حەرەسی یازدە سار لەگەری بوم وەک فرقەی مەلەوانان، بچوبایە هەرجێیەکی لۆ مەلەوانی لەدەرێ دەبایە لەگەری بم لەناوقصری جمهوری مسبح ی گەورەی هەبوو سبیانان سعات ٧ هەردەستا مەلەوانی دەکرد. لەساری ٢٠٠١ توشی نەخۆشی قلب بووم، ناچار تقاعد بووم، دوو سار بوو نەمدیتبوو .

دیار بوو بەخەبەرهات بانگی کرد قەیس ...قەیس هەستامەوە چومە ژۆرێ گۆتم بەرێ سەیدی، گۆتی دانیشە لەتەنیشتم، !گۆتم سەیدی دانانیشم گۆتی حەزدەکەم دانیشی، ناچار دانیشتم بسم اللەی کرد نانەکەی خوارد گۆتی سوپاس بەزیاد بی زۆر لەمێژە برنجی سۆرو ئەستورکە تەندوری فریشی خۆمانەمەی عارەبیم نەخواردبوو بەتام بوو.

کەتینە قسان ئەو دەستی پێکرد گۆتی ؛ قەیس بزانە دونیا ئەوهایە ئەمن دەمزانی یا دەکوژرێم یا رۆژەک ئەوهام بەسەر دێ؟ بەس خەم لەمال و مندارەکانم دەخۆم نەیاندەزانی و تەوەقعیان نەدەکرد ئەو رۆژەی دەبینن داخوا  ئیستا کەتینە کێندەر .

گۆتی قەیس: گۆتم بەرێ سەیدی، گۆتی سلوان مسلط ی دەناسی، گۆتم بەرێ دەیناسم، گۆتی دەمەوێ بچیە دوی بیهینیە ئێرە بەس وریا بن لەرێگا لەبەر ئەمریکاو جاسوسی، گۆتم باشە سەیدی ئەمر دەکەی.

سواری پیک اب ٨٥ ی خۆم بووم چومە (دۆر) چومە ماری سلوان ی، دیاربوو لەمارێ نەبوو، یەک هات لەگەرم چوینە مارەکی دی لەوێ دیتم، سەلامم کرد ئەمنی دەناسی چونکە لەدەستەی حمایەی صدام ی بوو گۆتی فەرموو، گۆتم العم یریدک(مام ئەتوی دەوێ)، سەلوان بیدایەت رەنگی زەرد بوو دوایی گۆتی لەکێ یە؟ گۆتم سواربە دەتبەمەئەوێ سوار بوین هاتینەوە مەزرعەی، سلوان زۆر دەترسا حەقیشی بوو گۆتم لێرە راوەستە هەتا پێی برێم.

چومە ژۆرێ گۆتم سەیدی سلوانم هینا گۆتی با بێتە ژۆرێ  سلوان هات شانی صدامی ماچکرد دیار بوو سلوان خەمبار بوو بەو حارەی رەئیسی دیت گریا، صدام گۆتی سلوان پیاو دەبی خۆراگر بی، گۆتی ئەمری توە سەیدی، گۆتی سلوان ٤ ملیون دۆلارم لەکن (مالیک) ی دانایە برۆ لێی

وەرگـرەوە و پارەکـەی بینـە ئێرە لەگـەر قەیسـی بـرۆن بـەس ئـاگاداری خۆتـان بـن.

سـلوان گۆتـی سـەیدی تـۆزەک زەحمەتـە بـەو شـەوەی هاتوچـون سـەیتەرەی ئەمریکـی زۆرە  و مـاری مالیکیـش ١٢ کـم  لێرە دورە دەکرێ سبەی ئـەو کارەی بکەیـن. صـدام گۆتـی باشـە مـادام ئەوشـۆ لێرە بـە سـبیانێ لەگـەر گـەردی بەیانیـان زوو بـرۆن، سـلوان گۆتـی ئەمـرەک سـەیدی. صـدام گۆتیـە مـن قەیـس برۆ ئیسـراحەت کـە ئەتو نەخۆشـی ئـەوە سـلوان لێرەیـە. گۆتـم سـەیدی ناکرێ بەتەنهـا سـلوان حەرسـیاتی بگـری، گۆتـی خەمـت نەبـی بـرۆ ئەتـوو.

ئەوانـم بەجێهێشـت چـووم بنـووم، نوسـتنی چ! کـو خـەوت لـێ دەکەوی!نەکەتمـە ناوجێـی بـەس لەسـەر جێـی ئـەولاو ئـەولام کـرد هەتـا پێش رۆژ هەراتێ. هەسـتام ماسـت و چـام حازرکـردو بردمـە ژورەکـەی، بەیانـی باشـم لێیـان کـرد و دەسـتمان بەنـان خواردنـی کـرد، گۆتـی ئەوجـە بـرۆن لەکـن مالیکـی پارەکـەی بینـن.

ئەمـن وسـلوان سـواری بیکەبی بویـن چوینـە مـاری مالیکـی، مالیـک لەدیوەخانـی دانیشـتبوو قاوەچـی قـاوەی دەدایـێ، سـەلاممان کـرد زۆر بەسـاردی جوابـی داوە دانیشـتین باشـیش ئەمـن و  سـلوانی دەناسـی، مالیـک زۆر بـرادەری شـخصی صدامـی بـوو، صـدام چ نەمابـوو لـۆی نەکاتـن هەتـا کردبویـە زابـت وابزانـم عمیـد متقاعـد بـوو، زەوی زراعـی دابویـێ  و

ماوە ماوە شتەکی لۆ ڕەوان دەکردو مندارەکان و براو ئامۆزایەکانی هەموی دەرەجەدارو وەزیفەی حساس و سفیر بوون.

مالیک گۆتی فەرموون کارەکتان هەبوو؟ سلوان گۆتی (العم یسلم علیک) مام سەلامت لێدەکات لۆ ئەمانەتەکی هاتینە بمان دەیە لۆی ببەین، گۆتی لۆ ئەنگۆ نازانن ئەمن چم بەسەرهاتیە، گۆتمان نا، گۆتی رەئیس لەرۆژی١٠-٤-٢٠٠٣ هەتا ١٩-٤-٢٠٠٣ لای من بوو ئەورۆژی ئەمریکا زانی بوی لای منە بەکۆپتەری هەباتشی و هەمەری لۆ گوندی هاتن، بەس ئەمن هەندەک مەشغولم کردن، بەئەنقەست کوڕەکان وبرایەکانم ناردە دەرێ گوندی بەدووسیاران هەتا ئەمریکیەکان بەوان مشغول بوون، ئەمن سەید الرئیس م بەتەلکتەری قوتار کرد، ئەمریکی هاتن مالیان ونجر ونجر کردم هیچیان نەدیتەوە ئەو پارە نەبی ئەویشم کردبوە دوو جێ ٢ ملیونیان بردو ٢ کەی دی مایە لۆی ببەن سەلامی لێبکەن برێن جێی خۆی بگۆری باشە.

دوو ملیۆنەکەمان وەرگرت لەوێ بەرێکەتین ڕێمان گۆڕی و چوینە گومرگی تەڕە و رسقی دەدوازدە صندوق تەماتەمان کڕی و دوو صندوقی بەتاریشمان وەرگرت پارەکەمان لەناودانا لەپشتەوەی بۆدی پیکەبی . گۆتمان نەوەک سەیتەرەی ئەمریکی کەشفمان کەن، بەڕاستیش توشی سەیتەرەی بووین بەفەلاحان دەچووین خوارەحمی کرد بەڕێیان کردین.

هاتینـەوە دەوری نیـوڕان بـوو صـدام لـەژۆری دانیشـتبوو لەسـەر قەڵەوێرەکـەی حـارو مەسـەلەمان لـۆ گێـراوە سـەری بـادا! گۆتـی ئـەو پیـاوە ئەمـن زۆر بەکەلکـی هاتیمـە، هەرچەنـدە لەمـاری وی بویمـەو ئەمنـی پاراسـت بـەس نەدەبا ئـەوەی لەگەر مـن بـکا ئەوچلێسـە. ئەمـن وسـلوان هیـچ قسـەمان نەکـرد.

گۆتـی قەیـس دەمـەوێ حەمامەکـی بکـەم خـۆم بشـۆم دڵـم خرتـەی کـرد، لـەدری خـۆم گۆتـم حمـام چ حمـام دەسـتت بەکەلەنـی بلۆکـی وەدەچـی سـەر جەملـون، تانکیەکـی کچکـەم لەنـاو دانابـوو بـە طباخـی گچکـەی نەفتـی ئاوەکـەی گـەرم دەکرد. گۆتـم سـەرچاوان فەرمـوو بردمـە مـارێ خـۆی شوشـت و هاتینـەوە ژۆرەکـەی گۆتـم عافیەتـە سـەیدی، گۆتـی قەیـس ئـەو پیکەبـەی بـدە سـەلوانی هەنـدە ئیـش هەیـە جـێ بەجێـی دەکا، گۆتـم ئـەوەش پیکـەب لەخزمەتتدایـە سـەیدی، دیاربـوو ئیشـی تەنزیـم و مقاوەمـەو شـتی وا بـوو وابزانـم پارەشـی هەندەک دا سـەلوانی.

پـاش عەسـرەکی تاخیـر بـوو گێـم لەگـڕەی کۆبتـەرو هەمـەری بـو !هاتمـەدەرێ سـەرەکم هەرکێشـا دیتـم ئەمریکـی لەدەرکـەی مەزرەعـەی داخیـل دەبـن، گۆتـم سـەیدی وەرە دەرێ لـۆ لای روبـارو شـطی بـرۆ ئەمریکـی هاتـن؟ صـدام بەغـار چـوە دەو حاویـەو ناوپـوش پەراشـی دەو رووبـاری .

# بەشی سێیەم

ئەمـن هیـچ خـۆم تێـک نـەدا لەبـن هەیوانەکـەی راوەسـتام، ئەمریکـی گەیشـتنە نـاو مـاریَ زابتـەک هاتـە پێـش یەخـەی نەجمـەی پێوەبوو، گۆتـی نـاوت چـی یە؟ مترجمەکـی لەگـەر بوو لۆی ترجمـە دەکرد گۆتـم قیس،گۆتـی ئـەو مەزرەعـە ئـی تـوە گۆتـم بـەریَ. گۆتـی چەنـد کەسـن وەک عائلـە؟ گۆتـم ٥ کـەس. ئەوپرسـیارانەی لەمـن دەکرد جەیش مالیان پشـکن پشـکن کرد. دەتگـۆ کلۆنـە لەحەوشـەو سـەربان و نـاو مەزرەعـەی پـەرت ببـون. گۆتـی قیس چەنـد سـارە لێرە دەژی؟ گۆتـم لەمێژە، گۆتی چ کارەی ؟ گۆتـم وەک دەبینـی فـلاح م. گۆتـی وەزیفـەی دیـت نەبـوە؟ گۆتـم نـا... گۆتـی ئـەدی لەقصـری جمهـوری نەبـووی؟ گۆتـم بـا بـەس تقاعـد بوویمـە لـە سـاری٢٠٠١ وە.

گۆتـی کـەس نەهاتیتـە میوانیـت لـەو رۆژانـە؟ گۆتـم نـا بـەس برایەکانـم دێـن سـەرم لێـدەدەن ئەوانیـش لـەو مەزرەعـەی تەنیشـت منـن. دیاربـوو چـار پێنـج جونـدی بـەرەو دەو رووباریَ دەرۆیشـتن دڵـم لەنـاو دەسـتی بـوو رۆح لەجیەکـی قەیـم بـوو نەهاتـە دەریَ. بـەس پـوش و پـەراش و قامیشـەڵان هەنـدە برنـدو چـڕ بـوون هیـچ شـتەک نەدەبینـرا لەنـاوی. گۆتـی ئەگـەر هـەر

کەسەکی  نامۆت دیت یا هاتە ئێرە دەبی خەبەرمان بدەیێ باشە! نەوەک ئەتوش وەکی وان حساب دەکەین؟ گۆتی خۆ دەزانی مەبەستم جماعەتی کۆنکانی یە،  لەترسان گۆتم ئەمرەک سەیدی، سەبر سەبر قوەتەکە کشانەوە و ڕۆیشتن.

هەتا دنیا تاریک داهات پاش مەغریبەکی درەنگ نێزیک بوومەوە لەپوش پەراشەکان، نەش دەوێرام لایتی لێ دەم یا برێم سە یدی، لەسەرەخۆ گازم کرد (عمی عمی) مامە مامە هیچ جواب نەبوو، زیاتر چومە خوارێ بەدەو زێی دیسان گازم کرد (عمی( مامە، صدام جوابی داوە ها قیس رۆیشتن؟

گۆتم بەرێ سەیدی. چوینەوە مطبخەکەی وەکی تەماشای صدامم کرد  دشداشەی بەخینە و دەست و پێی برینداره گۆتی قیس دەبی ئاوەکی بەخۆداکەم و حمامی بکەم کەتمە ناو زەنەک و قوڕێ. بردمەوە حەمامی و هاتینەوە دیاربوو زۆر شپرزەببوو گۆتی قیس فکرەکم لۆ هاتیە یا دەبی لێرە برۆم  یا دەبی تەگبیرەکی دی بکەین، خوای گەورە ئەوجارە دەربازی کردم جارەکی دی دەربازنابم.

گۆتم سەیدی چ تەگبیرت لەفکری یە؟ گۆتی قیس چەند برات هەیە؟ گۆتم دوو سەیدی، گۆتی گازیان کە با بێن، گۆتم سەیدی ئەوان نازانن ئەتو لای منی، گۆتی قەیناکا گازیان کە، برایەکانم لەمەزرەعەکەی تەنیشتە من بوون گۆتم ئیشت پێ هەنە سەیدی؟ گۆتی ئا بابێن لێرە لەگەر توو حفرەکی لێدەن و شتەکم بەبلۆکی لەبن عاردی لۆ دروست

کـەن گۆتـم باشـە سـەیدی.

چـووم گازی برایەکانـم کـرد بەصدامـم ناسـاندن، صـدام تکلیفـی کـرد ئـەو غورفـەی لـۆ بکـەن لەبـن عـاردی ئەوانیـش گۆتیـان بسـیطە وئاسـانە ئـەوان لەمـن جاحیرتربوون. برایەکانم لەکن صدامی مانـەوە ئەمنی ئیزنـدا چومـەوە ماڵێ، مـاڵ ونجـر ونجـرە خێزانـم روحـی لەقلبی نەمابـوو کەتبـوو.

ڕۆژی پاشـتر لەخـەوێ هەسـتام برایەکانـم لەکـن صدامـی بـوون، نانـم لـۆ بـردن و پاشـان دەسـتیان پێکردوهەتـا ئێـوارێ حەفـەر تـەواو بـوو ئـەوەی شـارەزابی دەو رووبـاروو زێ ی بی عاردی نەرمە و هـەر زیخ و قومە لۆیە زوو تەواو بوو حەفرەکە. یـەک قـلاب بلۆکـم پێشـتر کڕیبـوو بەتەمـای دروسـتکردنی غورفـەی زیـاد بـووم لـە مەزرەعـەی ئـەو بلۆکانەمـان بەکارهینـا، سـەری غورفەمـان گـرت بـە دارو حەسـیرو پەلکـی دارخورمـای سـەریمان پرخـۆر کـردو کونەکمـان هێشـتەوە لـۆ چونـە نـاو غورفەکـەی.

صـدام لەدیارمـان ڕاوەسـتا بـوو وەکـی تـەواو بـوو تجربەکـی کـردو شـۆربۆوە کونـێ و هاتـەوە دەرێ، گۆتـی قالبەکـی صەبـەش لۆئـەو کونـەی دابرێـژن وەکـی ئەمـن چومـە نـاوێ لەسـەر دەرکەکـەی دانێـن وقەفەزەکـی لەسـەر دانێـن.

وەخـت گەیشـتە نیوەی شـەوێ صـدام گازی برایەکانمـی کرد گۆتـی ئەنگـۆ پیـاون و عەشـایرن و دەبـی سـرو نهێنـی پارێـز بـن نیشـتیمان ئـەورۆ پێویسـتی بەنگۆیـە؟ یـەک و بـرە پارەکـی دانـێ

گۆتی حەزم لێ یە هەتا پێتان بکرێ هەرشەوی یەکتان لەگەر قیسی لێرە بن، ئەوانیش گۆتیان ئەمردەکەی سەیدی. صدام پیاوەکی دەستکراوە و سەخی تەبیعەت بوو هەرچەندە باسی زولم و زۆرداری ئەو دەکرا !

بەس لەووەختەی زۆر گۆرابوو ئەگەر ئیشەکی پێت با دەیگۆ ئەگەر دەکرێ ئەوەم لۆ بکەی نەک بەئەمر. ئەو کونەی لۆ وەی دروست کرد لەپێش مطبخەکەی ئەگەر لەناکاو جیش یا غەریبەک بێتن بچیتە ناوی. ئەوشەوە زۆر ماندی بوین چووم هەندە دۆشاوو نانم هینا خواردمان، گۆتی قیس ئەتو برۆ با ئەو برایەت لەکن من بی گۆتم باشە سەیدی، هاتمەوە مالێ خێزانم تەواو نەبوو دەگریا هەندەک دریم داوە، گۆتی قیس ئەمە لەخەتەرین ژیانمان تێک چوە ئەوە هەتا کەنگێ لەو وەزعەی دەژین، گۆتم (الله کریم ) خوا کەریمە.

سبیانی لەگەر دەنگی برایەکم بەخەبەر هاتم گۆتی (العم یریدک)  مام ئەتوی دەوێ، چوم گۆتی قیس سەلوان تاخیر بوە خەبەری نی یە بزانە تاقیبەکی ناکەی، گۆتی دەشزانم سیارەکەتی بردیە بەس ئەگەر بکرێ تاقیبەکی بکە؟ گۆتم باشە سەیدی، کەونەپایسکیلەکی بێ چامرلغم هەبوو سوار بووم سەبر سەبر چومە ماری سەلوانی  گۆتیان نەهاتیتەوە مارێ دوو رۆژە.

هاتمەوە مەزرەعەی دەوری سعات ١١ سبیانی بوو گۆتم سەیدی سەلوان نەهاتیتەوە ماریش دوو رۆژە، صدام گۆتی

(اللـه كريـم ) خـوا کەریمـە، چـووم نـان وچایـم لـۆ هینـا نانـی خـوارد و گۆتـی تـۆزەک پاردەدەمـەوە. ئەمـن لەژورەکـەی چومـەدەرێ دیتـم سـەلوان بەدەرکـەت.

گەڕامـەوە گۆتـم سـەیدی سـلوان هاتـەوە، گۆتـی قیـس بـە سـەلوانی مـەرێ ئـەو کونەمـان لێدایـە بـا نەزانـی؟ گۆتـم باشـە سـەیدی. سـەلوان هـات و چـوە ژۆرێ سـەلامی کـرد دیاربـوو نامـەی نائبـی هینابوو(عـزەت الـدوری) صـدام زۆر کەیـف خـۆش بـوو ئەمـن ئەوانـم بەجێهێشـت، بـەس غەرقـی خەیـالان بـووم مەصیرمـان چـی لـێ دێ؟

# بەشی چوارەم

ئـەو کەیـن و بەینـە زۆری ڕاکێشـا رۆژ هەبـوو دوو تـا سـێ جار صدامـم لەکونـێ دەشـاردەوە، جار هەبـوە نێزیک بویتـەوە لـە گیـران و دەسـت بەسـەر کردنـێ، ڕۆژەک صـدام گۆتـی قیـس حـەزم لـێ یـە هەوایەکـی وەرگـرم، گۆتـم چ بکـەم سـەیدی؟

گۆتـی غـەراضـی بـاری پیکەبـی کـە دەچینـە دەرێ، گۆتـم باشـە سـەیدی، یەتـاخ و جلیـکان ئـاو و هەنـدە کەرسـتەی پێویسـتم بارکـرد گۆتـی بـاژۆ، صـدام دشداشـەو عەگالـی لەسـەرنا بـوو زەحمـەت دەناسـراوە! لـە(دۆر) بـەرەو زنجیـرە چیـاو زورگەکانـی حەمرینـی چویـن لەڕێـی توشـی قافلـەو ڕەتلـی عەسـکەری ئەمریکـی بویـن بەرامبەرمـان دەهاتـن لەسـەر جـادەی قیـڕ، صـدام گۆتـی قیـس خـۆت مشـەوەش مەکـە.

لەسـەر جـادەی پیرەژنـەک ڕاوەسـتا بـوو صـدام گۆتـی قیـس هـەری گـرە، گۆتـم باشـە سـەیدی گۆتـم کێـوە دەچـی داپیـرە گۆتـی ئـەو گونـدەی خـوارێ،پیـرەژن لەپشـتەوە سـوار بـوو، بەینـەک رۆیشـتین قافلـە لەمـە رەت بـوو صـدام گۆتـی قیـس لادە ڕێـگای خـۆر، پیرێـژن هاتـە خـوارێ لـۆ لای جامـی صدامـی هـات

گۆتـی: ئاگاتـان لەخـۆ بـی خوابتانپارێزی لەگـەر بابـی عدی!

لامـداو ڕۆیشـتین لـە جـادەی قیـڕ دور کەتینـەوە بەینەکـی باش، صـدام گۆتـی لێرە راوەسـتە؟ گۆتـی ئەوپیرێژنـە لـۆ وای گـۆ؟ گۆتـم نازانـم سـەیدی . جێیەکـە سـەر زورگـەک بـوو قافلەکـە لـەدور دیاربـوو تەیـارەش لەسـەریان دەسـوراوە .جارەکیش جەولـەی کۆپتەریـان نێزیک بۆوە لەمـە بـەس ئەمـە خۆمـان تێک نـەدا و خەریکـی ئاگرکردنـەوەو چـا لێنانـی بویـن. گۆتـی قیـس ئـەو ئەمریکیانـە زۆر زۆلـن هەرکـەس لەنەخشـەی وان لاداو پێشـێلی بەرنامـەی وان بـکا لەنـاوی دەبـەن؟

بـوە پـاش عەسـرەکی تاخیـر گۆتـی قیـس ئەوشـۆ لێـرە دەبیـن، گۆتـم سـەیدی لەوچۆلەوانیـەی کـو دەبـی؟ گۆتـی قیـس ئـەو قافلـە لـۆ (دۆر) چـوو بـەلاش نـی یـە پێـم باشـە ئەوشـۆ لێـرە بیـن، گۆتـم باشـە سـەیدی یەتـاخ و جێـت لـۆ بینـم گۆتـی بینـە هەرلەسـەر عـاردی رامێخسـت گۆتـم لـۆ لەپشـتەوەی پیکەبـی راینەیەخـم گۆتـی نـا لێـرە راییێخـە.

دنیـا تاریـک داهـات دەنگـی گـورگ و ڕیـوی و تورگـی دەهـات، گۆتـم سـەیدی ئێرە بـاش نـی یـە دەترسـێم لۆمـان بێـن ئـەو دڕندانـە؟ گۆتـی بـڕۆ کلاشـینکۆفەی بینـە بـەس تەقـەی نەکـەی ئەگـەر گـورگ نێزیکیـش بیتـەوە. گۆتـم باشـە، ئەویـش دەمانچەکـەی منـی پـێ بـوو پـاری داوە لەسـەر تەنیشـت سـەری بـە بالیفـی کـرد، گـورک نێزیـک بونـەوە لیمـان، گۆتـم سـەیدی نێزیکـن گۆتـی تەقـەی نەکـەی ئاشـکرادەبین چونکـە ئەمـن دەزانـم

عادەتی عەرەبی ئەو منطقەی وایە تەقەبکەی بەهاوارت دێن ئاشکرا دەبین، خوارەحمی کرد لێمان دورکەتنەوە گورگەکان بەچەرخ و لایتی برەکم ترساندن.

سبیانی هاتینەوە (دۆر) و گەیشتینەوە ماریێ زۆر هیلاک بوین ئەو شەوی رۆیی نەئەو نوست نەئەمن، سەرەکم لەماریێ دا خێزانم گۆتی لەکیێ بوون گۆتم لەو دەشت ودەرەی هیلاک بوین، گۆتی اخبار دەریێ پیرێژنەک دونیێ صدام ی دیتیە بەرەو (دیالی -بعقوبة) چووە یەک نەفەری لەگەر بووە، چوم بەصدامم گۆت، گۆتی زۆر باشە ئەوان بەولای خەریک دەبن ئێمە لێرە تەئمینین.

# بەشی پێنجەم

بەیانیـەک لەخـەوێ هەسـتام چومـە لای صـدام ی بەیانـی باشـم لێکـرد گۆتـی قیس بەخێـر بێـی، دەوری سـعات ١٠ بـوو دەنگـی هـۆڕن لێدان و سـەیارەی دەهـات لەجـادەی دەتگۆ بـوک گۆسـتنەوەیە، گۆتـی قیس ئـەو هەرایە چـی یە لەسـەر جـادەی دەنگـی دێ؟ گۆتـم سـەیدی لەوانەیـە عـرس بـی (ژن گۆسـتنەوە) گۆتـی تاکیدەکـم لـۆ بکـە.

چومـە نێزیـک جـادەی دیتـم گەنـج و لاو عەلمـی عێـراق و رەسـمی صدامیـان پـێ یـە و لەناوسـەیاران شـایی و هەرپەرینـە پرسـیارم کـرد لەیەکەکیـان ئـەوە چـی یـە؟ گۆتـی (عمـو میـلاد الرئیـس) یـە جەژنـی لەدایکبوونـی صدامییـە؟

هاتمـەوە بەصدامـم گـۆ، گۆتـی عافیـە لـۆ شـعب میـلادی منـی لەبیـرە ئەمـن بەخـۆم لەبیـرم نەبـوو، ئـەورۆژە ٢٨-٤-٢٠٠٣ بـوو. لـەو مـاوەی صـدام لای مـن بـوو زۆر تووشـی وەزعـی خەتـەر بویمـە.

شـەوەک صـدام بانگـی کـردم گۆتـی سـەیارەک دێ پیکـە بـی دەبـل قەمارەیـە بیهینـە لام، سـیارەکە هـات دەوری سـعات

٨ شەو بوو حیمایەی خۆی بوو ناوی سرمد بوو، صدام گۆتی قیس خێزانت و منداڵەکانت بینە دەرۆین، گۆتم لۆ کێ سەیدی؟ گۆتی سەرەک لەداکی عدی دەدەم لەگەر کچەکانم.

سواربوین بەرێ کەتین کەتینە ناو سەیترەی ئەمریکیان، صدام مصطفای کورمی لەباوەشی کرد گۆتی خۆتان مشەوەش مەکەن هیچ نییە، ئەمریکیەک هاتە پێش تەماشای کرد ژن و منداروعائیلەیە گەمەشی لەگەر مصطفای کرد رووەمەتی گرت و گۆتی برۆن. صدام مصطفی لەباوەش بوو دەمانچەی بەرووتی لەدەست بوو، خوارەحمی کرد کەشف نەبووین، صدام گۆتی ئەو خائینەتان دیت بەچەکەوە لەگەر ئەمریکیەکان راوەستابوو گۆتم ناوالله سەیدی ؟

گۆتی ئەوە فلان بوو کوری رەئیس عەشیرەتی فلانە، هەموو دەم دەرکەی قصری جمهوری لۆ وانە کراوە بوو! ئەمن ئەو وەختی دەمزانی ئەوانە پیاوەتی و رجولەتیان نی یە دەمویست دوریان کەمەوە! بەلام دەوروپشتەکەم دفاعیان لێ دەکردن دەیانگۆ سیدی ئەوانە ئەصلن و خزمەتکاری شۆرشن و سەرومالیان لەپێناو تو دادەنێن، کەچی ئەمن دەمزانی لەنەزانی و تەرەسی زیاتر هیچی دییان پێ نییە! نەمردم ئەوشەو ئەوەشم بەچاوی خۆم دیت ئەوانە چ مارەکن.

چوینە بەردەرگای ماڵەکی، صدام بەتەنی چوە خوارێ ئەمن دیتم داکی عدی و کچەکانی پەردەیان هەلداوە

تەماشـای صدامیـان دەکـرد لەحەوشـەی، نیوسـعاتەک مـاوە ئەمـەش لەناوسیارەی بوین چاوەڕێمان دەکرد، صـدام هاتـەوە هەندەک چوکلیت و شـیرینی لـۆ مصطفی و میادەی هینا،هـەر بـەو شـەوەی گەراینـەوە مەزرەعـەی.

دیاربووصدام ترسی هەبوو ژنو کچەکانی بکەونە دەست ئەمریکیان لۆیە پلانی هەبوو ڕەوانەی دەرەوی عێراقیان کات، رۆژەک وابزانم ١٦-٦-٢٠٠٣ بوو سبیانە بوو گۆتم سـەیدی حـەزت لەقـاوەی هەیـە؟ گۆتـی ئەزیـەت نـی یـە قیس گۆتـم سـەیدی بەسـەرچاو، قـاوەم هینـا دامـە صدامـی.

دیتـم سـەیارەکی بەرازیلیەکـی سـپی هاتـە نـاو مەزرعـەی گۆتـم سـەیدی سـیارەک هـات نازانـم کـێ یـە دەرگات لەسـەر پێـوە دەدەم گۆتـی باشـە. چومـە دەرێ دیتـم عـدی و قصـی کـوڕی بـوون، دوو حمایەیـان لەگـەر بـوو محمـد مسـلط و محمـد عـدوش.

عدی گۆتی (الاسد) وەزعی کوە گۆتم الحمدلله . ئەوانم بردە ژۆرێ لای بابیان دوو سعاتەک مانـەوە، دوایی بەتەنێ لەگـەر بابیـان هەنـدە قسـەیان کـرد، ئەمـن و حمایـەکان دورکەتینـەوە، گۆتمـان شـتی شـخصی و عائیلی یـە!

پاشـان سـواری برازیلی بونـەوە رۆیشـتن، عـدی گۆتـی (عـم قیـس دربالـک علـی الاسـد)مامە قیـس ئـاگات لەشـێرەکەی بـی. ئـەوان بزر بـوون صـدام قلق دیـار بـوو چـوە غورفەکـەی پـاری داوە... دوایـی هەسـتاوە هاتـە دەرێ، گۆتـم سـەیدی خیـر چ

هەیە دلت توندە؟

گۆتی قیس؛ دەمویست بەو کوڕانەم برێم لێک جیا ببنەوە و پێکەوە مەبن؟ چەندی دەمکرد نەمتانی وەبرێم و نەهاتە سەرزمانم، نازانم لۆ؟

گۆتم سەیدی هیچ نی یە دلت توند مەکە گۆتی عبد حمود گیرایە دونیٚ (عبد حمود حمایەی شخصی صدامی بوو)عدی وقصی لای ئەو بوینە یەک سعات پێشتر.

صدام گۆتی قاوەکی دیم لۆ بکەقیس ئەزیەت نەبی قاوەکەی خوارد؟ صدام وەکی دلی توند دەبوو پێوەی دیار بوو قورئانی دەخویند قورئانەکەی کردەوە دەستی پێکرد، ئەمن هەستام بەجێی بێلم گۆتی قیس ئەو پارچە رەژوەی بینە لەسەر ئەو دیوارەی ئەو تاریخەی بنوسە گۆتم تاریخی ئەورۆ سەیدی گۆتی نا بنوسە ٢٠٠٣/٧/٢٤ئەمنیش رەژووەکەم هیناو نوسیم !گۆتم سەیدی ئەوتاریخە زۆری مایە بگەینیٚ معنای چی یەگۆتی وەکی ئەورۆژهات پێت دەرێم.

رۆژی ٢٤ –٧ بوو چوومە ژورەکەی صدام دلتەنگ بوو گوتی قیس( راح اخوتک) براکانت رۆیشتن، گۆتم خێر ان شاالله سەیدی! دیار بوو صدام تەنەبوئ و پێش بینیەکەی تەواو بوو بیٚ ئەوەی گیٚ ی لە اخبارەکی بی دلّی خەبەری دابوو کە عدی و قصی فەوتانە. لۆ ئێواری اخبار بلاوی کردەوە عدی وقصی لە شاری موصل لەمالی ئامۆزایەکیان کوژرانە و ئامۆزایەکەیان خەبەری لێدابوون

## بەشی شەشەم

صدام زۆر عاجز بوو بەکوژرانی کوڕەکانی(عدی و قصی) گۆتی قیس پێمگۆتی چ روودەدات، گۆتم بەرێ سەیدی وابوو. بەینەک دانیشتین سەیارەک هات گۆتم سەیدی سەیارە هات گۆتی بزانەکێ یە؟

چووم کوڕی مامم بوو لواء حکمت، هات دانیشت دەستمان بە سوالفان کرد لەسەر وەزع، چومە ژورێ لای صدامی گۆتم سەیدی لواء حکمت میوانمە ئامۆزامە گۆتم نەوەک بکۆخی یا دەنگت بێ ئاگاداربە؟

گۆتی با نگی کە بابێ، چوم بە حکمت م گۆ سەری سورما گۆتی سید الرئیس لەکنتە؟ چوینە لای صدام دانیشتین و چامان خواردو سوالفەمان کرد، صدام تکلیفی لە حکمت کرد هەندە کتابی لۆ بینی لۆ خوێندنەوەی و هەروەها گۆتی هەندە جلک و بەرگ و دشداشەم لۆ بینە، حکمت ڕۆیی گۆتم سەیدی لۆ بەمنت نەگۆ بەوت گۆ؟

هیچ قسەی نەکرد، گۆتی قیس دەمەوێ بچی عزت دوری م لۆ بینی؟ گۆتم ئەمردەکەی سەیدی . ناونیشان و شوێنم

وەرگرت و پێمزانی چووم هینام، زۆر بەغەریبی هەردوکیان باوەشیان لەیەکتـرداو عـزەت دوری چاوی پڕ ئاو ببوو.

پاش نیوڕان نانمان خوارد دانیشتبوین بوە تەقەو هەرا لەسەر جادە ی بڕەکی پێچوو ئەمریکی بەپێیان داخلی مەزرعەی بوون، گۆتم سەیدی هاتن؟ لەگەر عزت دوری ئەوانم لۆ لای ڕووباری برد ناو پوش و پەراشی دەو زێی. هاتمەوە خۆم بە کاوجۆی مەروماراتی مەشغول کرد.

زابتەکو و چەند جوندیەک و مترجمەک هاتنە پێش؟ دیار بوو تەقەکانی سەرجادەی لەوان کرابوو مقاومە کردبووی، گۆتی کەس نەهاتە ئێرە تازە؟ گۆتم نا سەیدی؟گۆتی چ کارەی؟ گۆتم فلاح.

گۆتی سیلاحت هەیە؟ گۆتم بەرێ،گۆتی بینە،کەونە کلاشینکۆفەکەم هینا، بۆنی کرد و گۆتی ئەو سیلاحەت لۆ چییە، گۆتم صاحب حیوانم گورگ شەو نی یە نێتە سەرم دەبی دفاع لە حیوانەکانم بکەم کلاشینکۆفەکەی دامەوە رۆیشت، ئەوەندە گۆتم سەیدی لەخزمەت بین نانتان لۆ حازر کەم مترجم گۆتی تاخیرین ناتوانین. ئەوان ڕۆیشتن نێزیکەی سعاتەکیان پێ چوو، ئەوجا چووم سەید الرئیس و سید النائب م هیناوە لەناو پوش و پەراشی حاویەو دەو زێی.

صدام زەردەخەنەی کرد گۆتی قیس ئەوە لۆ تکلیفت دەکرد نانیان بدەیێ، گۆتم سەیدی لەبەرخاتری گۆ مجامەلەم دەکردن. پاشان صدام گۆتی با عزت ئەوشۆ لێرە بی

سـەیتەرات زۆرە نەچیتـەوە باشـە.

سـەیدی نائب شـەویٚ ماوە لای مـە، گێم لـیٚ بـوو صـدام بـە عـزت دوری دەگۆ:

بەجۆرەکـی بـەو کوڕانـە بـریٚ مقاومـەی لێـرە لـە(دور ) نەکـەن هیچـی دی! وەخـت بـوو بەفەتـارەت بچیـن، عـزت دوری گۆتـی سـەیدی زۆر باشـە بـەس کـوڕەکان نازانـن ئەتـو لێـرەی !نـەوەک نایکـەن.

سـبیانی زوو عـزت دوری م لەخـەوی قیت کـردەوە بردمـەوە شـوێنی خـۆی، هاتمـەوە صـدام هێشـتا هەرنەسـتابوو کۆخیـم و لـەدەرگام دا، گۆتـی قیـس وەرە،گۆتـی قیـس ؟ گۆتـم بـەری سـەیدی، گۆتـی هیـچ مەزرعـە لەونـاوەی هەیـە لـۆ فرۆشـتنی.

گۆتـم دەپرسـم،گۆتی بپرسـە ئەگـەر هەبـوو ئەقلـت گرتـی ئەمین بـوو پـارەت دەدەمـیٚ بیکـڕە بـا ئەویش احتیـاط بـی بـەس بەپێیـان نێزیـک بـی لێـرە.

صـدام گۆتـی قیـس دەمـەویٚ سـەرم چاکـەم بتراشـم حەلاقـی دەزانـی؟ گۆتـم ناواللـە سـەیدی عـلاء ی بـرام لێدەزانـی لەجەوکردنـی مـەرو حیوانـی لێڕاهاتیـە گۆتـی بانگـی کـە عـلاء هـات سـەری چاککـرد. مصطـف و میادە هاتبونـە نێزیک دەرکەی گۆتـی بـا بێنـە ژۆریٚ مصطفـی کـورم ٤ سـاران بـوو، میـادەی کیـژم ٦ سـاران بـوو، صـدام پـارەی دەرهینـا نیشـانی دان ئەوەی ڕەسـمی خـۆی لەسـەر بـوو گۆتیـە هەردوکیـان ئـەوە کـیٚ یـە؟

میادە گۆتی بابە صدام، صدام گۆتی بیبینی دەیناسیەوە؟ میادەگۆتی ئەدی کو نایناسمەوە، صدام دڵنیا بوو کە منداڵەکانم ئەوی ناناسن نەوەک لەدەرێ باس بکەن. صدام بەدەنگی خۆی سرودەکی لۆ میادەی گۆ؛ ( یابنت یا شمعه دانه ..... الله مصبحكم بالخير.....ويواسيكم ويانا.....يازهره انتى بالتموز.....حتى الفدائين ويانا).

# بەشی حەوتەم

بەیانیەکی زوو لەمەزرەعەی بوین ئەمن و صدام، باسی بەسەرهاتی منداری و نەبونی و هەژاری خۆی دەکرد دەیگۆ نەبوونی بوو کەم کەس پیڵاوی لەپێ بوو و کەم کەس جل وبەرگی پۆشتەو جوان بوو، کەم کەس دەیزانی شارەک یا گوندەک لەو دیوی گوندی وی هەیە یا شارەکی وەکی بەغدایێ کەم کەس دیتبووی.

باسی وەزعی خەرکی جارانی دەکردو دەیگۆ گەنج و لاو کەدەبوونە عەسکەر زەمانی قەدیمی مەلەکی، ئەوجا دەیانزانی پاکوخاوێنی چی یە و جل وبەرگی نیزامی وکەشخە چی یە و پێلاوو قۆندەرە چی یە و خۆشوشتن چی یە. گەنج کەدەبوە عەسکەروسەرباز یەکەم جار بوو صابونی دەدیت وفێرە مەسؤولیەت دەبوو، فێرە سەبرو خۆراگری دەبوو فێرە نانخواردن دەبوو، ١٨ مانگەک خزمەتی ئەو وولاتەی دەکرد، ئەو نیظامەش بەریتانیا داینا نەوەک پێشتر جوندی وعەسکر هەموی هیندی و شەرکەس و ئیدیکە بوون.

ئێستاش خەرک سەیارەی هەیە و خانی صەبە وبلۆک و کەرپوچ وچیمەنتۆیە، جاران خانی هەموی قوڕ بوو دەبایە وەختی باران بارینی یەک لەسەربانی بەس باگوردانی لێداو بسوڕێنی هەتا قوڕەکەی بپەستەوەو خانی دڕۆپەی نەکاتن، شەکر نەبوو ئەو زەمانی قەصپ وخورما لەگەر چای دەخوراوە، ئەگەر کو یەکەک وەزعی باش با قەندەشەکرەکی

لۆ یەک ساری دەکری. دونیا تاریکستان بوو کارەبا نەبوو بەقودیلکەی ئەگەر پێویستی هەبا چرا هەلدەکرا و ئیشی خۆیان پێدەکردو دوایێ فویەکیان لیدەکردو زوو دەیانکوژاندەوە، بوتلە نەفتەک بەشی چرای زستانەکی دەکرد لۆ گەرمیش داروبارو پوش وپەراش دەسوتێنرا لەناو صۆبەی داری کونەکەپومان پڕتەنی دووکەڵ دەبوو! ئێستاش هەر ماشاالله هەموو کەس مەلیکە لەمارێ خۆی.

لەوقسانەدابوین سەیارەکی بەرازیلی تکسی هاتە ناو مەزرەعەی چومە بەرایی محمد ابراهیم مسلط و خلیل ابراهیم مسلط بوون سەلامیان کرد و ئەوانم بردە کن صدامی برەکی دانیشتن صدام گۆتی قیس سەفەرەکم هەیە شەوێ دێمەوە گۆتم باشە سەیدی.

صدام ڕۆیی بەبەرازیلی تکسی شەوێ درەنگ هینایانەوە صدام زۆر حاجز دیاربوو گۆتم خیر سەیدی؟ گۆتی هیچ نیە گۆتم نانت خواردیە؟گۆتی نا چوم نانم لۆی هینا خواردی گۆتم سەیدی پێ دەچی نیوڕانێش نانت نەخواردبی صدام پێکەنی .

ڕۆژی پاشتر سبیانی چوومە کنی هەر حاجز بوو،گۆتم سەیدی شتەک هەیە حاجز دیاری؟

گۆتی برۆ برایەکانت گاز کە با ئەو بەسەرهاتەتان لۆ باس کەم، علاء و جاسمی برا م گازکرد صدام گۆتی دونێ بەرەزالەت و ترس خۆم گەیاندە دیوەخانی فلان کەسی،

ده دوازده زەلامـن بەخێرهاتنـی منیـان کـرد زۆر بەسـاردی، ئـەورۆژەم بەبیرهاتـەوە سـارانی زوو میوانداریـان کـردم وەختی لەسـەر تەخت و کورسـی دەسـەلات بووم مەجال نەبوو لەحەوشـەی بچمـە دیوەخانـێ ئەوەنـدە حەیوانیـان سـەربڕی وکوشتەوە لەبەرپێم. پیاو وژن هـەل هەلـەی لێدەدا ئەو وەخت، دونێش لەدیوەخانی دانیشتم تەماشام کرد یەک یەک دەخزن و دەرۆن سـعاتەکی نەبـرد دیوەخانیـان چـۆل کـرد.

پـاش سـعاتەکی ژنـەک هـات تاسـە ئاوەکـی لەپێشـم دانـا گۆتم خوشکە (اهل البیت) خەلکی ئـەو ماڵـەی کێ وە چوون؟ گۆتـی تەلکتەرمـان شـکایە چاکـی دەکەنـەوە .

صـدام گۆتـی بوە نیوڕان کەس نەهاتـەوە ئەمن و ئەو کوڕانە بەتەنێ لەدیوەخانی بوین گۆتـم کوڕینـە بـم بەنـەوە جێی خـۆم کـن قیـس ئـەوان ئەهلـی منـن. ئەمـەش گۆتمـان سـەیدی ئێـرە مـاری خۆتـە خـەم مەخـۆ لەخەرکـی، گۆتـی خـەرک نەبـوون ئەوانـە نێزیکترین کەسـم بـوون.

دیاربـوو محمـد مسـلط هاتـەوە بەبەرازیلی، صـدام گۆتیـە محمـد مسـلطی ئـەو ئەمانەتـەی بگەینـە جێـی خـۆی، کاسـیتی دەنگی بوو،صدام لەغورفەکـەی تسجیلی دەکرد لۆ راگەیاندن و تەلەفزیۆنـە عەربیەکانـی دەنـارد، وەکـی قناتـی الجزیـرەو العربیـەی محمـد گۆتـی ئەمـر دەکـەی سـەیدی. گۆتـی محمـد وریـا بـە زۆر بەئاشـکراو ڕووبـەڕوو ئەوکاسـیتەیان مـەدێ بەغەیرموباشـر  وناراسـتەو خـۆ وابکـە بگاتـە دەسـتیان گۆتـی بەسـەرچاو سـەیدی.

## بەشی هەشتەم

قسـەکم گێ لێ ببـوو لەناوخزمـان گۆتبویـان سـەید الرئیس لەمەزرعـەی قیسـی یـە، ئـەو قسـە ترسـەکی خسـتبوە دڵـم بەیانیـەک چوومـە لای سـەید الرئیسـی گۆتـی قیس ئەخبـار چی یە؟ گۆتـم سـەیدی ئەوەی ڕاستی بی ئەخبـاری جادەی نازانـم بەباشـی بـەس ئەوەنـدەی دەزانـم ئەمریـکا خەریکـی دانانـی دەزگای مؤسسـاتی یـە و گرنگـی بـە عەشـائرو شـخصیاتی گرنـگ دەدات لـە شـیعەو کـوردی!

صـدام پێکەنـی گۆتـی ئـەوەی تەختـی حوکـم نەبینـی لـەو عێراقـەی نازانـی دوژمنـت چەنـد زۆرە! دوژمنەکانـی عێـراق قازانجیان لەطائیفـەت و قەومیەتـە عبدالکریم قاسم یەک عەقدی توقیع کـرد سـەری خـۆی لەسـەر دانـا. لەوقسـانەدابوین دەنگـی تەقینـەوەو تەقـەی هـات گۆتـی قیس گۆتـم بـەرێ سـەیدی،گۆتـی ئـەو عێراقـە مقاومـەی دەوێ دەبـی ئـەو دوژمنانـە بچنـەدەرێ؟ لـەدری خـۆم گۆتـم بەخـوای ئێـرە بەرنـادەن تـەواو.

گۆتـی قیـس دەرێـی شـتەکت لـەدری یە؟گۆتـم نـا سـەیدی هیـچ نـی یـە بـەس دەمـەوێ رەئیـت وەرگـرم لەسـەر شـتەکی گۆتـی برێ،گۆتـم سـەیدی ژنەکـەم مامۆسـتایە ومعلمەیـە دوو

ئەخبـاری پێگۆتیمـە حەزدەکـەم پێت برێـم:

یەکەم–گۆتـی ئەمرمـان لـۆ هاتیـە لەمەکتبـێ دەرێ دەبـی رەسـمی صـدام ی لەکتابـان بدڕێنـن!

دووەم – ژنەکـەم هەندەخـزم و کـەس وکاری خۆیـان و ئـی منـی دیتیـە، گلەییـان کـردی یـە لەسـەردانی نەکردنیـان و ئەحـوال پرسـینیان، یەکیـان گۆتیتـی سـەید الرئیـس لەکنەگۆیـە؟ ژنەکەشـم گۆتیتـی ئەمـە لەکـێ و سـەیدالرئیس لەکـێ؟ ئەتـوو چـت پـێ باشـە هەتـا ئـەو ظـن و گومانەیـان نەمینـێ؟

صـدام گۆتـی ئاسـانە بەنسـبەت خەبـەری یەکـەم عـادی یـە بارەسـمی مـن بدڕێنـن لەکتابـان.

بەنسـبەت خەبـەری دووەم پێـم باشـە خزمەکانـت هەمـوو دەعوەتـی مەزرەعـەی کـە رۆژەک بابێـن هەتـا ئێـوارێ لێـرە بـن ئەمنیـش ئـەورۆژی لە(ملجـأ ) کونەکـەی دەبـم هەتـا دەرۆن؟

فکرەکـەی سـەیدرەئیسـی زۆر بـاش بـوو وامکـرد خزمەکانـم دەعـوەت کـردو حەیوانـم لـۆ کوشـتنەوە و هەتـا ئێـوارێ لەمزرەعـەی بـوون تـێ دەسـوڕانەوە هیچیـان نەدیـت.

ئێـواری رۆیشـتن و سـەید الرئیـس هاتـەدەرێ و دانیشـتین پێکـەوە گۆتـی قیـس رمـب و هـۆرو قیـژەو قیـڕەی منـداران هێـڕی کـردم باشـە ئەوانـە جـێ نەمابـوو لەسـەر ئـەو کونـەی هەرنەپـەڕن و گەمـەی نەکـەن، خـۆ ژنـەک ئـاگای لەمنـداری خـۆی نەبـوو لەبـەر بەحسـی بـازارو دونیایـێ .

گۆتی قیس شەخصەک هەیە بێتە خەونم زۆر باش نی یە! هەر جارەک هاتبیتە خەونم خیانەتم لێ کرایە!گۆتم کێ یە ئەو پیاوەی بێتە خەونت خیانەتت لێ دەکرێ، صدام گۆتی( احمد طه عزوز )ی سامەرائیە، گۆتم سەیدی ئەو پیاوە کێ یە دەیناسی ئەتو؟

صدام ئاخەکی هەرکێشا گۆتی ئەوە مسؤلی من بوو لەحزب ساری ١٩٥٩، هەرئەوە ئەمنی اختیارکرد لەدەستەی بکوژانی عبدالکریم قاسمی بم و بەکلاشینکۆف لێی دەم ڕوو بەڕوو کەبریندار یش بووم و عەملیەکە سەری نەگرت عبدالکریم یش بریندار بوو ئەو( احمد طه عزوزە) لەماری خۆی لە سامرای ئەمنی شاردەوەو ئەمنی تداوی و علاجکرد دوایی ئەمنی رەوانەی سوریای کرد.

دوایێ هاتمەوەو شۆرشمان کردو سەرۆک (عبدالرحمن عارف) مان لەکورسی حوکمی هینا خوارێ و رەوانەی تورکیامان کرد، حوکمی عێراق کەتە دەستی مە لە ١٩٦٨/٧/١٧ هەتا ساری ١٩٩٦ بوو محاوەلەکی ئینقلابی کرا لەسەر من، کەشفم کردن ئەو پیاوەش لەگەریان بوو هەرچەند بەعومریش گەورە بوو هەموو ئەمری ئیعدامیان لۆ دەرچوو و تنفیذ کران، بەس ئەو پیاوە ئەمن حوکمەکەم کردە سجنی مؤبد نەمهێشت ئیعدام بکرێ چونکە مامۆستاو مەسؤلی یەکەمی من بوو لەحزبی بعس. لۆیە ئەو کات هاتە خەونم پێش ئەوەی بزانم انقلاب دەکرێ و ئەو لەگەرە!

چەندین جاری دیش هاتبیتە خەونم خیانەت رویدایە،

ئەوشـەوەش هاتـە خەونـم لۆیـە دەرێـم خیانەتـم لێدەکرێ وریـا بـن، گۆتـم سـەیدی دڵنیـا بـە لەمـن و برایەکانـم روحـی تـوو بەسـەروەت سـامانی دونیـا نادەین.گۆتـی مـن دلنیـام لەتـوو بـەس ئـەوە خەونـە و هاتیـە دەبـی وریـا بیـن ئـەوەی ئێسـتا دەزانـم ئەووەختی لەحوکم بووم بمزانیبا وام بەسـەر نەدەهات، ئێسـتا ناتوانـم خـۆم بەنێزیکتریـن خـزم وکەسـی خـۆم نیشـان دەم نـەک دۆسـت و بـرادەری مەصلەحچـی؟

پیـاو هەیـە لەنیوچەوانـی مـن ملیاردێـرە چـوە مقاولاتـی بـەردی کۆنکریتـی گرتیـە لـۆ حمایـەی ئەمریکیـان، پیـاو هەیـە بەپارەی ژنـی مـن بویتـە پیـاو ئیسـتعدادی نەبـوو یـەک جـەم نـان بداتـە مـال و منداڵەکـەم کەلەمـاران کەتبـوون.

بەراستی ئەووەختی لەسـەر حوکم بووم پیاوی وا هەبوو دەمناسـی هیـچ اسـتفادەی لەمـن نەکـرد، کەچـی شـەرەف و کەرامەتی منی پاراست ئەلحان جێ ی سیقە ومتمانەیە. ئی واش هەیـە خزمـی خینیمـە کوڕەکانـی منـی تسـلیم ئەمریکای کـردن بەتەماحـی دونیـا و پـارە؟ گۆتـی قیـس ئەتـوش لەپیـاوە بەوەفاکانـی.

صـدام گۆتـی قیـس وەکـی باسـمکرد پێـم باشـە مەزرەعـەک ئەگـەر لـەو نێزیکانـە هەبی لـۆم بکڕی و بیکەینـە موقعـی بدیل، سـەیارەکی تەکسـیش بکڕیـن کڕاونـی خـەت بـی لـۆ هاتـوو چۆی دیالی و جێی دور پێویستە. گۆتم ئەمردەکەی سـەیدی لەوقسـانەدابووین عـلاء ی بـرام بەدەرکـەت.

## بەشی نۆیەم

علاء سـەلامی کـرد سـەید الرئیـس جوابـی داوە گۆتـی علاء وەرە تەنیشـتم دانیشـە، گۆتـی عـلاء ئەمـن دەزانـم بویمـە بارگرانی لەسـەرتان ئەنگۆ بەمن ماندینـە تێدەگەم لێتان زروف وایکـردوە ببمـە بارەکـی قـورس ئەتـوو و قیسـی بـرات کاتـی خـۆی لـەلای مـن بـون وەک فرقـەی ٤٠ تایبـەت سـەر بـە مـن بـوون هەرکـەس لـەو٤٠ نەفـەرەی پیشـەکی تایبەتتـان هەبـوو: وەک مەلـەوان، طبـاخ، ڕاوچـی، فـارس وسـوار ئەسـپ،........، ئەنگـۆ موباشـر سـەر بەمـن بـوون ئەوجـا دەسـتەی حمایـەی تایبـەت دەهـات!

زروفـی ئـەورۆ وایـە ئەتـوو لەگـەر قیسـی بـرا گـەورەت نێزیکتریـن کەسـن لەمـن لەعـدی وقصـی فرضتـرن لـۆ مـن، هەروەهـا خزمەتەکی باشـی منتـان کـردی یـەو ئەمنتان پاراسـتی یـە لەدەسـتی جاسـوس وئەمریکیـان . عـلاء گۆتـی سـەیدی ئـەوەی بەمـە بکـرێ لەخزمەتـی تودایـنـە.

صـدام گۆتـی قیـس دەزانـی بەدرێژایـی حوکمـم لـۆ کێـم هەولدابـی شکسـتم لەسەردەسـتی وی هینایـە، گۆتـم کـو

سـەیدی؟

گۆتـی ئەوکاتـەی هاتمـە نـاو سیاسـەت عیملاقـی وا هەبـوو زۆر جـار دەیویسـت تصفیـەم کات، واجبەکـی دەدامـێ سـوڕ دەمزانی تێچوونـی منـە، جێبەجێم دەکرد بەناچاری و سـەریش دەکەتـم، ئـەو وەختـی بـاش تێنەدەگەیشـتم ململانێـی نـاو حـزب چـی یـە؟ نەمدەزانـی ڕەش و سـپی لێـک کەمـەوە، هەتـا ئـاوارەو دەربـەدەر بومـە وولاتـان و دوایـی هاتمـەوە و گیـرام وسـجن کـرام لەسـجن بـاش تێگەیشـتم حـزب چـی یـە، کادر چـی یـە، هـدف چـی یـە؟

هەتـا لـەگـەر رەحمەتـی احمـد حسـن بکـری حوکمـان گرتەدەسـت، بـە١٣ ڕۆژان تەصفیـەی گەندەلـی حزبمـان کـرد وەک قۆناغـی یەکـەم، وەک نائـب رەئیـس هەسـتم دەکـرد کەتیمـە نـاو گۆمـە ئاوەکـی پـر تیمسـاحی برسـی هەمـووش دەویـان بەشـکردبۆوە، یـەک ئێـران و شـا هەنشـا هانـی دەدا ! یـەک تورکیـا! یـەک ئەمریـکا ! یـەک روسـیا. یـەک ئینگلیـز کەخـۆی بەوارسـی شـەرعی دەولـەتـی عێـراق دەزانـی ئەلحانیـش.

دەزانـی قەیـس ئەتـو زۆر مورتاح و خۆش ژیایی، مەزرەعەک و چەندسـەر حەیوانـەک و دەدوزادە چێـر و پیکـەب و ئەسـپ و ..... باشـترین ژیـان ئەوەیە، لەوانەیـە کەلەگـەرم بووی کاتـی خـۆی حەسـادەتت بەمـن بردبـی رۆژەک لـەرۆژان گۆتبت ئـەوە تەیـارەو حمایـەو وقەسـرو هـای لایـف دەژی ....هـا هههههههـە صـدام بەدەنـگ پێکەنـی گۆتـی وانـی یـە قیـس.. گۆتـم سـەیدی

قەت ئەو حەسادەتەم بەکەس نەبردی یە نەک ئەتوو! گۆتی وادابنیین وات بیرکردبیتەوە ! بەس واللە نوستنی سەرئەو قەلەوێرە ژەنگاوەیەت هەموو تەختی پاشایەتی دونیایی دەینی.

حوکم پیسە فکرەی کەتە مێشکت و دیتت ناتانی واز بینی، دەولەت هەیە زەبەلاحە بەرنامەت دەداتێ و پشتت دەگری و دفاعت لێ دەکا هەتا مەصلەحەت و مصالحی بپارێزی، حاکمیش حوکمی لەبەر دەستی وەکی دەب دەبەیە (میزڵدان) منداڵ هەیە زانایە بەقەدەر خۆی پفی دەکا ناتەقی، منداڵ هەیە نەزانە زیاد پفی تێدەکا بەڕووی خۆیدا دەتەقیتەوە، ئەوە قسەی من نی یە قیس قسەی (شکسبیرییە)، گەر مرۆڤ چەندی خەلکی گەورە کرد ئەنجام بەڕووی خۆیدا دەتەقتەوە.............

لەوقسانەدابووین سەیارەکی پیکەب هاتە ناو مەزرەعەی دیار بوو سلوان بوو چووم بەخێرهاتنم کرد و بردمە لای صدامی بڕەک دانیشت گۆتی سەیدی نەڕۆین؟ صدام گۆتی بابرۆین.

گۆتم سەیدی کەنگی دێنەوە؟

صدام دەستی لەسەرشانم داناو ماچی کردم گۆتی قیس اللە کریم، بەس ئەمن دەرۆمە جێیەکی دی ناگەرێمەوە ئێرە، زۆر مەمنونی تو و علاء و جاسمی براتم خزمەتی باشی منتان کرد، حوکم بگرمەوە دەست لەبیرتان ناکەم نامەوێ

چیتر ئەزیەتان بدەم و ببمە هۆکاری حاجزیتان لەناوەخۆ .

کەصدام ئەو قسەی کرد پرم دایێ ماچم کرد و علاء هەروا ماچی کرد یەکمان لای راستو یەک لای چەپ گۆتمان بەخوای نارۆیی سەیدی ئەمە خزمەتکاری توینە بمانبورە!

دیار بوو صدام برەک لەعلاءی برام  نا مورتاح بوو ؟

رۆژەک بەمنی گۆت برێ علاءی برات لەدەو روبارێ بە قونبەلەی ماسی نەگری باش نی یە، ئەمریکی دەوریەیان هەیە و ئەوە دووسێ جارە دێن ئێرە تەفتیش دەکەن، نەوەک بەتەیارەی استطلاع مراقەبەمان بکەن ئەوانە رەفیقت لێ دەکەنە دوژمن.

ئەوکات بەعلاء م گۆ دیاربوو علاء کردیە گارەگار و صدام یش گێی لێ ببوو. هەندە شتی تریش هەبوو علاء توند تەبیعەت بوو بەس تەبعی وابوو  دلی ساف بوو.

دیارە صدام بریاری دابوو بروات لۆیە داوای کرینی مەزرەعەی بەدیلی لەمن کرد؟ صدامەمان داناوە سەر قەروەیلەی سوندمان خوارد مردن و ژینمان لەگەرتووە هەتا ئەتو بتەوێ خزمەتت دەکەین. صدام فرمێسک لەچاوی هاتەخوارێ! گۆتی یە سلوانی دانیشە تازە نارۆین.

صدام گۆتی سلوان حاجز دیاری؟گۆتی هیچ نی یە سیدی.

ئەمن و علاء ویستمان بچینەدەرێ لەغورفەی گۆتمان

مەجالییـان دەینـێ قسـەی خۆیـان بکـەن.

صـدام گۆتـی مـەرۆن دانیشـن دوبـارە بەسلوانی حمایەی گۆ چ هەیـە پێم برێ؟ گۆتـی سـەیدی چـت لـێ بشـارمەوە؛ ئەمریکـی بەسـەر مـاری منیـان دادا و خـوا ئەمنـی رزگار کـرد بەدەرگـەی پشـتەوە هەراتـم، گۆتـی لەهەمـان وەختـی دیـارە بەسـەر مـاری محمدی براشـمیان دادایـە محمد لەمـارێ نەبوە مسـلط کوڕیـان بـردی یـە. صـدام گۆتـی ئـێ، سـلوان گۆتـی سـەیدی ئەمـن مراقەبـەم لەسـەرە بـە هـەزار فـرت و فیـری خـۆم گەیاندیتـە تـوو، لەپارەکـەی لای محمـدی بـرام یـەک ملیـون مایەئەویـدی ئەمریکـی بردیتیـان، ئـەوەش یـەک ملیـۆن دۆلارەکـە !

صـدام گۆتـی ئەوجـا سـلوان پـارەی لـۆ دەدەیـە مـن؟ گۆتـی سـەیدی دونیایـە نـەوەک بگیریـم و ئەوپـارەش دەروا بـا لای خـۆت بـی، لەوقسـانەدابوین گـرەی کۆپتـەری هـات ........

# بەشی دەیەم

گۆتـم سـەیدی ئەتـو وسـەلوان مەیەنـە دەرێ، سـەرەکم هەرکێشـا کۆپتەرەکـە جەولـەی دەکـرد، دیاربـوو سـێ کۆپتـەر بـوون  پێدەچـوو لەسـەرجادەی جەیشـی ئەمەریکـی هەبـی، هاتمـەوە ژۆرێ گۆتـم سـەیدی هیـچ نـی یـە کۆپتـەرەکان پـێ دەچـی حمایـەی جـادەی بکـەن .

سـلوان دیاربـوو گۆتـی یـە صدامـی سـەیدی ئـەورۆ چارشـەممە رۆژی جمعـەی سـعات دوو پـاش نوێـژی دێمـەوە لات خەبـەری سـەید نائب و مقاوەمـەت لۆ دەینم بـەس ئەگـەر نەهاتمـەوە یـا تاخیـر بـووم دونیایـە دەبی ئەتـوو جێـی خـۆت بگۆڕی، صـدام گۆتـی سـلوان ئەوقسـە چـی یـە، گۆتـی سـەیدی ئەمریکـی کـون بەکـون لـەدوو محمـدی بـرام و مـن دەگەڕێـن، کـوڕی محمـدی گیرایـە محمـد هەراتیـە لۆ بەغدایێ ئەتـو جێت بگـوڕی باشـە؟

صـدام گۆتـی محاولەدەکـەم بـەس ئەتـو دەسـت وپێـی منـی بـێ تـو کودەتانـم لێـرە بچمـە دەرێ سـەلوان ؟

سـەلوان گۆتـی سـەیدی وەزع بـاش نـی یـە . سـەلوان خـوا

حافیزی کردو صدامی ماچکرد ڕۆیی .صدام گۆتی قیس ئەو مەزرەعەی لۆم ڕێک بێخە باموقعی بدیل بی. گۆتم باشە سەیدی مادام زۆرت پێ باشە ئەوە دەچم لەگەر علاءی برام دەپرسین ئەقلمان بگری دەکڕین.

صدام گۆتی باعلاء بەتەنێ بچی، گۆتی علاء برۆ ئەگەر هەبوو بیکرە بەچەندی بوو،علاء دەرچوو ئەمن لەکن صدامی مامەوە،گۆتم سەیدی حەزت لەقاوەی هەیە، گۆتی قیس دەمەوێ شتەکت پێ برێم لەوەتی لەسەر حوکمم بەس لەقاوەی تو دڵنیام و ترسم نی یەو تێریش نابم! گۆتم لۆ سیدی ؟

گۆتی کوڕە قیس ئەتو زۆر دل سافی، لەسەر کورسی حوکم بی نێزکترین کەست دەبتە دوژمنت ئەوەندەم دیتیە ئەوەندە ژەهریان لۆ م لە شیوو چایی و ئاوو قاوەی کردیە بەخۆشم نازانم کو دەرباز بویمە!

تێکە قاوە بەسەبرە. قاوەکەمان خواردەوە، صدام گۆتی قیس دەزانی مال و مندال و براو ئامۆزاو کەس وکارم مەشەقەت و ناخۆشیان نەدیتیە و نازانن ئەمن بەچ ڕەزالەت و دەردەسەری و دەربەدەریەکی گەیشتمە حوکم، زۆر دۆست و برادەری ئەزیزیان لێکردم لۆ رۆژی تەنگانە پشت و پەنا بوون، ئەورۆژە گۆتمە سەلوانی بمبە مالی فلانی لەفلان گوندی سەرحدودی سوریایە، سەلوان گۆتی سەیدی باش نی یە بچینە ئەو مارەی گۆتم لۆ سەلوان ؟گۆتی دورەو

ناگەینیێ دیاربوو شتەکی لێم دەشاردەوە، گۆتم سەلوان ئەتو شتەکت پێ یە بەنسبەت ئەو پیاوەی، گۆتی سەیدی ئەوپیاوەی ئەتو بەئەمینی دادەنێی سارانی ١٩٩٩ دوو برای ئیعدام کران. صدام گۆتی کو ئەمن نەمزانی یە کو شتی وارویدایە ئەوپیاوە بڕوا پێکراوی منە دۆستمە رەفیقمە کو دەنگی نەگەیشتیتە من ئەو کاتی ؟

سەلوان گۆتی واللە ئەوە حەقیقەتە ئەمن پێم باش نی یە سەیدی ئەتو بچی یە لای ئەوان. صدام گۆتی ئەوەیە حوکم بەخۆم تەوقیعم لەسەر کردیە ئەوانە ئیعدام بکرێن نەشمزانیە برای ئەوپیاوەینە، گۆتی حەسادەتی حوکم بەینی برای تێکدەدا ! لەلایەک برا دەبتەکەرەگا لەسەرت، لەلایەک ئامۆزا ! لەلایەک مندارت، لەلایەک ژن! لەلایەک زاوا ! لەلایەک عەشیرەت و قەوم وقیلەی( البو ناصری و بێجاتی) و لەلایەک( تکریتی و عۆجەیی( هەرچی هاوڕێ و رەفیقی حزبم بوون لەبەرچاویان رەشکردم، لۆ مصلحەتی خۆیان چ خەرکی بێکەلک و بێ بیروباوەرو دژی ئەوحزبەی بوون لەسەر اساسی بەرژەوەندی خۆیان دەیانکردنە وەزیر، مدیر عام، مستشار، کاربەدەست ..... ناوە ناوە دەوی دەوروپشتیان چەور دەکرد و زەعیفیش بوون لۆ وان ئەو نەوعە باش بوە، نەک ئەوەی بەحزب ماندی وشەقی بوبیتن و لێیان قبول نەکاتن بچتە ناو چاویان .

کاکە قیس خۆم ئەمنیش پێڕانەدەگەیشتم سیڤی وانە هەمووی بخوینمەوەو بزانم چنە لەسەرم تێدەپەڕی! رەفیق

و مناضـل و نیشـتیمان پـەروەری حەقیقـی دەکەتنـە مـاریّ و دوردەخرانـەوە هەریـەک بەتوهمەکی هەلبەستراو و درۆ، نەیان دەهێشـت بگەنەمنیـش .

نمونەکـت لـۆ بینـم ئـەوەش بەشـانص و سـوتفە بـوو: برادەرکـی ئازیـز رۆژەک نامەکـی لـۆ نوسـیبووم بەرێگایـەک گەیاندبویـە مـن داوای دیتنـی منـی کردبـوو ئەمنیـش مەوعیـدم لۆی دانـا وهـات، حـق المعرفـه دەمناسـی و پیاوەکـی دەسـتپاک و دلسـۆز بـوو لەئیشـەکەی پـاش چـاک وچۆنـی گۆتـم لەگـەر ئیشـەکەت کوی؟گۆتـی سـەیدی بەئەمـری جەنابـت لەسـەر ئـەو وەزیفـەی لادرامـە ٦ مانگـە لۆیـە ویسـتم جەنابـت ببینـم ئەگـەر تـاوان بـارم و کەموکورتـی و خەللـم هەیـە ئـەوە ملـی مـن و چەقـوی تـو.

صـدام گۆتـی سـەرم سـوڕما فـەوری وەرەقەکـم نوسـی وفەرمانـم کـرد بگەرێتـەوە جێـی خـۆی، گۆتـم ئـەوە تلفـۆن ی شـەخصی پەیوەنـدی بەمـن بکـە هـەر کارێکـت هەبـوو.

صـدام پێکەنـی هههههههـە، گۆتـم سـەیدی بـەچ پێدەکەنـی؟ گۆتـی قیس دەزانـی کێ ئـەو بـرادەرەی منـی لا دابـوو لەسـەر وەزیفەکـەی، گۆتـم کێ ئـەو کەسـەی لا دابـوو سـەیدی؟ گۆتـی ئـەو کەسـەلایدابوو کەئەگـەر ئـەو بـرادەرەم گلەیـي هەبـی لـەڕ ێی ئـەو بەمـن برێت واتـا گلەیی ئەو پیاوەی بگەینیتـە مـن ئەگـەر گلەیـی هەبی تلفۆنـم لـۆ بکاتـن لەڕێـی وی.

ئەوەیـە حزبەکـی گـەورەو گرانـی وەک بعـس پەیـرەوو

پرۆگرامی (شبل عەیسمی و میشیل عەفلقی )چەند سار پێوە بوون هەتا دایان ڕێشت،کەتە بەردەستی سکرتێرەکی، دەوڵەت لەسەر دەستی خزم و کەسوکار و تاجرو مەلاو سکرتێرەکان دەروخێ، حزب هەدەفی رزگارکردنی هەموو ئومەی عەرەبی و فەلەستین وخۆشگوزەرانی تاکی عێراقی یە، ئاخیری لەنەتیجەی مکەسەراتی ئەوانە سوک ورسوات دەکەن، ڕوو و نەزرەکی ناشیرینی دەسەلاتت نیشان دەدەن؟ هەموو خەبات و ماندیبونت گچکەدەکەنەوە لەقولنچکی دیوەخانی گوندەکی وەکی حۆجەی دەپەستن، ئێستاش ئەمن ناوێرم بچمە ئەو دیوەخانەی.

صدام گۆتی قیس مەنعی تجارەت و مقاولات و ئیشم کردبوو لەهەموو خزم وکەس و داورودەستەم بەرەسمی؟ کەچی ئێستا دەزانم هەموو تاجر و مقاول بووینە بەسێبەر فێرە پارە بوون بەس ئەمن تاجیر نەبویمە، تەماشای نەواف زێدانی کە کوڕەکانم و نەوەکەمی فرۆشت ئەوە صەفقەیە.

گۆتی کەسی وا خراپ هەبوو لەدەروو پشتم زۆر ئیشی خراپیان پێ کردم، پێشتر نائب بووم فکرەی حوکمی زاتیم لۆهات تازە شۆرشمان کردبوو دوو ساڵەک دەبوو ساڵی ١٩٧٠ حەقی کوردم بەقانون دا کوردان و مەلا مستەفای رەحمەتی، پاشان بەدەستی ئەولاو ئەولا هەم ئەمنیان ساردکردەوە لەو حەقەی و هەم کورد لەناوەخۆ پەرەتەوازە بوون و ئەولا و ئەولا هانیان دان هەتا بەو حەقەی رازی نەبن، یەکی وەک نازم گزازی کەوەزیری ناوەخۆ بوو ئەو

کات دەیویست ئەو ئیتیفاقەی تێک و پێک بدات، بەدەستی دەرەکی و نەیارەکانی بارزانی کۆی دەکردنەوەو چەکی دەدانیّ و هەربەوان لە کوڕی مەلا مستەفای دەدا لەناو بەغدایێ لەوەختی مفاوەزاتی.

هەتا کورد ڕازی نەبوون و چوونەوە چیای و ئەمنیش ناچارکرام ئیتیفاقیەی جەزائیر بکەم لەگەر شای ئیران لەساری ١٩٧٥ و بەشەکی خاکی عێراق و شەتی عەرەبی وەک صەفقە و دیاری بدەمە ئیران بەرامبەر ئەو ئیتیفاقەی، لەهەمووی سەیرتر هەر ئەمسالی ئەوانە دەیانگۆ کو خاکی عێراق دەدرێتە ئێران . هەتا ئێران حوکمی گۆراو شا لاچوو و ئەو برادەرانە هاتن، ئەو جارە هەم جماعەتی شیعەیان هان دەدا و هەم کورد، هەتا توشی شەری ئێرانیان کردم بەناچاری.

ئەو تەواو بووپاشان لەساری ١٩٩٠ فکرەی داگیرکردنی کویت لەخەیالی من نەبوو ئەبەد، ڕۆژەک ساری ١٩٨٨ پاش ڕاوەستانی شەڕی عێراق و ئێران عدنانی کوڕە خارم هاتەلام، گۆتم عدنان ئەتو وەزیر دیفاعی هەندەک لەبرادەران دەرێن کویتی بگرین باشە  ئەتو چ دەرێی؟ گۆتی سەیدی ئەمن لەگەر ئەو فکرەی نیمە ئەبەد ئیشەکی خراپە! کویت زۆر یارمەتی مەی دایە لەشەڕی دژ بەئێران باخۆمان لەو کێشەی نەدەین باشە.

صدام گۆتی ئەوە بوو عدنان لەناوچوو لەسەر ئەو رایەی،

پاش نەمانی عدنانی بەدووساران ئەوفکرەیان هیناوە گۆڕێ و شتیشیان دروستکرد لەهەردوولایان ساحەی شەڕیان خۆش کرد مبرریان دادەستم .صدام گۆتی قیس لێقەومان خەرکت لۆغربیل وتصفیەدەکاتن، کێ باشە و کێ خراپە.

صدام دیاربوو زۆر دلی پڕ بوو کەسیش نەبوو گێی لێ ڕاگری لەمن زیاتر، لۆیە بەردەوام قسەی دەکرد دەیگۆ حەسادەتی حوکم بەینی برای تێکدەدا، یەک لەو موضوعانە باسی ولائی نیشتمان وخاکی دەکرد دەیگۆ عێراق مەوقعی جغرافی زۆر مهمە دەرکەی رۆژهەراتی نیشتیمانی عەرەبی یە، دەیگۆ عەرب یەک نینەو حەزیان بەچارەی یەک نایێ ئەگەر وا نەبان فەلسطین لەمێژە رزگارکرابوو.عەرەب هەبوو تیجارەتی لەگەر ئیسرائیلی دەکرد لەبنەوە، لەسەروەش هانی فەلەستینیەکان و قیادەی یاسر عەرەفاتی دەدا و پارەی دەدانێ و خەرکی بەکوشت دەدا....

دەمویست بەچ نەوەعەکی بی مەوضوعی پێ بگۆڕم مجالی نەدەدا کۆری دلی هەردەرێشت. صدام گۆتی قیس، سەلوان دەرێ چەند رۆژەکە سەیارەکی صالونی پاص مقپت لە منطقەی (جلاب دور) لەسەر گردەکی راوەستایە تەعقیبی ئەو مەنطیقەی دەکاتن رەقەمیشی اربیل ە، گۆتی ئەوەش ئیشی جاسوسەکانە( مەبەستی کورد بوو).

# بەشی یازدەیەم

باش بوو علاءی برام هاتەوە سەلامی کرد گۆتی سەیدی مەزرەعەکم کڕی زۆر دور نی یە لێرە مناسبە لۆ تو، صدام گۆتی زۆر باشە دلی خۆش بوو،گۆتی قیس زوو بن برۆن تەرتیبی کەن و حەفرومەلجەئەکی گچکە لێدەن هەر ئێستا هەتا سبەی بچینە ئەوێ،گۆتم ئەمردەکەی سەیدی.

لەگەر علاءی دەرچوین چوینە مەزرەعەکەی و علاء م نارد حەفارەکی گچکەی بەکرێ گرت و هەندەک بلۆک و چەمنتۆشی هینا،گۆتمانە سائق حفارەی بیری ئاودەستی لێ دەدەین، حەفرەکە تەواو بوو بوە مغریب، گۆتم علاء واباشە بچینەوە ئەمن زۆر قەلبم دێشی هەندەک اسراحەت دەکەم پاش عیشایێ دێنەوە ملجاکەی چا دەکەین.

علاء چووە لای سیدالرئیسی و ئەمنیش هاتمەوە مارێ حەبەکی بنزمانم خوارد وگۆتمە خێزانم سەرم زۆردێشی و قەلبم تەواو نی یە بڕەک پار دەدەمەوە ئەگەر کەتمە خەوێ هەرم ستێنە.

بۆرژابووم دونیاخرا بوو پەنجەرەو دەرکە دەلەرییەوە وام

زانی خانی بەسەرم داررووخا جامی پەنجەرەی شکا بوە تەپ وتۆزەک مجال نەبوو قیت بمەوە، هەرئەوەندەم دیت لولەی سیلاحی لەسەر سینگم بوو. وامزانی خەونە لەناو ئەو تەپ وتۆزەی کارەبا نەبوو جوندیەکان هەموو لایتیان لەسەری بوو، سیلاح بەدەست یەکیان هات قیتی کردمەوە، خێزانم گۆتی لۆ وای لێدەکەن قیس نەخۆشە و قلبی هەیە.

مترجمەک لەگەریان بوو گۆتی چتە گۆتم نەخۆشی قلبم هەیە، دیاربوو ستافی طبی یان لەگەر بوو، یەک هات ئەمنی درێژکردەوە سەر قەرەوێلەکەی جیهازی زەختی لەقۆرم بەستا و شتەکی لەپەنجەم دانا ؟ گێم لێ بوو گۆتی bad نەمزانی مەعنای چی یە؟ کانولەکیان لەدەستم داناو مغذییەکیان پێوەکرد و ئەمنیان هەرگرت بەبەتانییەوە بردمیانە ناو سەیارەی هەمەری عەسکەری، لەوێ دختۆرەکە سماعەی لەسەر سینگم دانا و پاشان حەبەکی لەبن زمانم دانا .

برەک وەزعم باشتر بوو، بەس روح لەجێیەکی قەیمە و نایەتە دەرێ پسا بووم نەمدەزانی چ روودەدات، یەکیان دیاربوو گەورەیان بوو هاتە پێش پرسیاری کرد گۆتی ئەتو قیس ی ؟ گۆتم بەرێ گۆتی وەزعت باشە؟گۆتم باشم.

بە هەمەر ی ئەمنیان بردە تکریت لەوێ سواری کۆپتەریان کردم ئەمنیان بردە بغدایێ مطاری صدامی. برەک وەزعم باشتر بوو یەک دوو رۆژ مامەوە ئەمنیان بانگکردو بردمیانە تحقیق ناو ولەقب و وەزیفەو خێزان و براوکەس وکارو قەوم

وقیلەیان لێپرسیم؟

گۆتی عزت الدوری لەکێ یە؟ گۆتم نازانم دیسان گۆتی وین الدوری؟ پێمان بڕێی باشترە لۆ خۆت، گۆتم واللە نازانم لەکێ یە سەری بادا لۆ پیاوە باسک و بارۆرە ئەستورەکەی بەردەرکەی وابزانم بەچەنگی هەریگرتم لەچاو وی دەتگۆ فروجم بردمیە ژۆرە خۆشەکەی گۆتی دوری؟ گۆتم نازانم، هەر کەگۆتم نازانم حەرفی میمی ئاخیریم تەواو نەکردبوو بەدیواری دادام قەلبم تێک چوو نازانم چم بەسەر هات، سقف دەسورا لەبەرچاوم وەکی چاوم کردەوە لەبن خیوەتەکی بووم مغذی م تێدەکرا، بڕەک باشتر بووم دوو رۆژی پێچوو ئەمنیان بەکۆپتەری بردە سجنی ئەبو غریبی لەوێ زانیم ئەوە سجنی ئەبو غرێبە.

# بەشی دوازدە وکۆتایی

مانگەک دەبوو لەئەبوغریب بووم هیچ قسەکیان لەگەر نەکردم، ڕۆژەک بانگیان کردم و بردمیانە تحقیق. تەماشام کرد علاء ی برام لەبەردەرگای تحقیق ڕاوەستایە لەگەر جوندیەکی ئەمریکی، علاء چاوی بەمن کەت گریاو خۆی بەباوەشم دادا، گۆتم علاء ئەتو چ دەکەی لێرە؟ جوندیە ئەمریکیەکان ئەوەی لەگەر من و ئەوەی لەگەر علاءی بوو، گۆتیان ئەنگۆ چی یەکترن؟ گۆتمان براینە مجالیان دا قسە لەگەر یەک بکەین نیوسعاتەک زگیان پێمان سوتا گۆتم علاء ئەدی الرئیس؟

علاء گۆتی ڕۆژی شەمووی ١٣-١٢-٢٠٠٣ وەکی ئەتو چویە ماریێ ئیسراحەت بکەی نەتگۆ دوایی دەچین مەلجە ئەکەی چادەکەین لەمەزرەعە نوێیەکەی، گۆتم با، گۆتی هەرئەو کاتی ئەمنیش چوومە کن سید الرئیسی دانیشتم لەکنی دنیا تەواو تاریک داهاتبوو دری زۆر خۆش بوو کە حەفرەکەمان لێدابوو،گۆتی علاء وەعد بی بگەرێمەوە حوکم بتکەمە دەستە ڕاستی خۆم لەگەر قیس و جاسمی برات، صدام گۆتی ئەوەی شاری فەلوجەش کردی کەم نی یە !

دەیکەمــە محافظــە بــەس بگەڕێمــەوە.

گۆتی حەزیش ناکەم جەماعەتی مقاومە لەعیراقیان بدەن هەتا ئەگەر لەگەر ئەمریکیش بن،گۆتی بریا زوتریش هەندەک کەسـی وەک عبدالمەلیکم بناسـیبا، گۆتـی عـلاء پـارە خەتـەرە معارضــە بەعـرب و کـوردەوە نەیانتانـی زەفـەرم پـێ ببـەن بەپارە لەناو ئیجتماعاتی قیادەیان مسودەی قراریان حوبری هیشک نەدەبۆوە دەگەیشتە دەستم؟

هەمووسڕو تری وانم دەزانی! هەندەکیان یەک یەک فایلیان هەبوو چ لەسفارەتەکان و چ لەمخابرات، ئێستاش لەمەجلیسی حوکمـن هـەر لەئەمریـکا فێربـووم مخابـرات وا بەقـوەت کـەم، ئێسـتاش هەرلەئەمریـکا وپـارەی دەترسـم؟ مەسـرەحیەکە کۆتایی هات ٢٥ ملیۆن دۆلار کەم نی یە لۆ دیتنەوەی من؟

گۆتـی عـلاء ئیشـەکم پێتە،گۆتـم فەرمـوو سـەیدی،گۆتی سـەلوانم دەوێ سـبەی بیتـە ئێرە،گۆتـم مـاری پـێ نازانـم سـەیدی؟ بەس دەزانـم لـە (جلاب الدورە).گۆتـی ئاسـانە مەچـوە مـاری گۆتـی ئـەو بوطلـە بیبسـیە بەتـارەی پـر بـەرد دەکـەی لەسـامرای نیزیـک ملویـەی حاویەکـی زبـری هەیـە لـەلای ئـەو حاویـەی ئـەو بوطلـەی لەسـەر دیوارەکـەی دانـێ تـەواو؟

گۆتـم سـەیدی زەرورە؟ گۆتـی زۆر، کاسـیتەکی دەنگیـم پرکردیە ختابەکم لۆ شـەعبی عێراقی دایە دەبی بلاوبکرێتەوە، چونکـە ئەمریکـی دعایەیـان کـردی یـە صـدام هەراتیتـە وولاتـی روسـیای، لەوقسـانەدابووین برەکـی پێچـوو هەسـتم کـرد

لەدەرکەی مەزرەعەی سەیارە دێنە ژۆرێ زوو بەپڕە پڕ صدامم بردە ناو مەلجەئەکەی و سەرم داپۆشت !

سەیارەکان هاتنە پێش ئەمریکی بوون کۆپتەریش لەسەرمان دەسوڕاوە زۆر نوی بوون، یەکیان هاتە پێش زۆر بە ئسلوبەکی جوان سەلامی کرد ( گوتی عقید جیمس هیکی ) مە، مترجمەکی لەگەر بوو زۆر هیچ وپوچ دیار بوو ناوی سمیر بوو دیار بوو ناوی (مستعار) خوازراو بوو بەلەهجەی عێراقی قسەی دەکرد .بەتوندی پرسیارەکانی ئەوی وەردەگێڕا ولەمنی دەکرد،گۆتی ئەو مەزرەعە ئی کێ یە؟ گۆتم ئی من و براکانمە گۆتی چەند سارە لێرەنە؟ گۆتم ٥٠ ساردەبی. گۆتی براکانت ناویان چی یە؟ گۆتم فلان و فلان ....گۆتی پرسیارەک دەکەم راستم جواب دەدەیەوە؟ گۆتم فەرموو؟ گۆتی صدام حسین هاتیتە ئێرە؟

گۆتم بەرێ ساری ١٩٩٢ هاتە ئێرە کاتی لەسەر حوکم بوو.گۆتی ئەدی لەو ماوەی؟ گۆتم نەخێر نەماندیتیە .گۆتی ئەکید؟! گۆتم ئەکید. هەرهەندەم زانی سەگەک لۆم هات پری دا لاقم هاوارم کرد سەیەکەیان لەکۆرم کردەوە، خین بەلاقم داهاتە خوارێ، ئەمریکیەکە گۆتی ڕاستیمان پێ برێی باشە؟ گۆتم واللە ئەوە ڕاستیە بە توم گۆت صدام چاوی بێرە نەکەتیە، سەری سوڕاند ئیشارەتەکی کرد لۆ جوندیەکی قسەکیشی کرد نەمزانی چی گۆت.

دیتم محمد ابراهیم مسلط یان هینا خوارێ لەهەمەری بەرامبەری من ڕاوەستا بە دەستی کەلبچەوە زۆر ترسام،

محمد چاکو چۆنی کرد گۆتی علاء کار لەکارترازایە پێیان برێ سید الرئیس لەکێ یە؟ گۆتی ئەمن و محمد خضیر لەبەغدایێ گیراین و کورەکەشم گیرایە؟ گۆتم محمد ئەتو باسی چ دەکەی ؟ گۆتی باسی سید الرئیس پێیان نیشان دە، محمد نەیدەزانی ملجآ (کون) هەیە بەس شکی دەکرد شتەک هەیە، گۆتیە ئەمریکیەکەی لەو غورفەی ئەمن دیتیتم، دیار بوو محمد زۆر ئەزیەت درابوو ناچار کرابوو نەوەک زۆر دلسۆزی صدامی بوو لەمن و قیسی زۆر نێزیکتر بوو لە صدامی.

گەورەکەیان گۆتی علاء چ دەرێی ئێستا؟ هەر ئینکاریم کرد گۆتم ئەگەر هاتبیتە ئێرەش ئەمن ئاگام لێی نەبوە ئەمن نەمدیتیە. دوو سێ جوندی دەگەڕان بەلایتی بەسەر مەلجەئەکەی دادەرۆیشتن ودوردەکەتنەوە و دەهاتنەوە نێزیک دەرکەی! ڕوحم لەناودەستی بوو، جوندیەک ئەو وایەرەی دیت لۆ ساحیبەی مەلجەئەکەی ڕاکێشرا بوو هەمووی لەبن عەردی بوو بەس نیو مەترەک دیار بوو، نازانم هەندی هاتوچۆی بکەن لەسەری بەدەرکەتبوو یا شانصەکە وابوو.

جوندی یەکە گۆتی یە گەورەکەیان ئەو وایەرە چویتە بن عەردی دەبی لۆ کێ چوو بی؟ ئامرەکە گۆتی خاکەناسی بینن بزانن کێوە دەچی؟ لایتیان لێدا واللە گەیشتنە سەر ساحیبەکەی مەلجەئی، گۆتی سەیدی ئەوە مەلجەئە(کونە)! گەڕان قەفەزەکەی سەردەرکەیان لادا دیتیان حفرە، مترجمەکە هاواری کرد کێ لێرەیە؟ جوندی یەکەش دوو قونبەلەی

دوخانـی و دووکەلـی فریـدا نـاو مەلجەئەکـەی وابزانـم تخدیـر بـوو؟

یەکسـەر عـم گـۆتـی:( انـي صـدام حسـين رەئيس جمهوريـه العـراق) ئـەمـن صـدام حسـينم سـەرۆکی کۆمـاری عێـراق .سـيدالرئيس بەخـۆی هاتـەدەرێ بـەس تـۆزەک هەناسـەی تەنـگ ببـوو، مترجمـه عەرەبەکـه شـەقەکی لەسـيد الرئيسـی دا ! گەورەکەیـان دەسـتی گـرت نەیهێشـت زیاتـری لێبـدا؟ جەرگـم ژانـی کـرد، لەخەفەتـان هەسـتم بەگێـژی وسـەرسـورانی دەکـرد.

قيـس دەرێ دەسـتم بەگریانـێ کـرد گۆتـم عـلاء يعنـی سـيد الرئيـس گيـرا؟ عـلاء گۆتـی بـەرێ هـەر هەمومـان پێکـەوە گيراين بـەس جاسـمی بـرام قورتـار بـوو ئەويـش هێشـتا نەهاتبوە لامان لەوانەيـە ئـەو هەرايـەی ديتبی بەلايەکـی دی هەراتبـی يـا خـۆی بەرووبـارێ دادابـی.

ئـەمـن کەگێـم لەوقسـانەی عـلاءی بـرام بـوو ئەوجـا زانيـم لـۆ لەتحقيقـی هەردەرێنـه مـن (ويـن ) عـزت الـدوری لەکێيە؟نەمدەزانـی مەسـيری سـەرۆکی چـی لێهاتـووە.

لەوقسـانه دابويـن محقـق بانگـی کـرد گۆتـی قيسـی بيننـه ژۆرێ،گۆتـی ئەتـو قيـس ی؟گۆتـم بەرێ،گۆتـی دەبـی ئـەو جێيانەمـان نيشـان دەی کـه عـزت دوری لـێ بـوە، ئەتـوو حکومەتـی عێراقـت هەمـووی لەکـن خـۆت حەشـاردايە؟

٢١-٣-٢٠٢٤

## سەرچاوەکان

١- محامى سليمان الجبورى، الحقائق بالوثائق،٢٠٢١.

٢- د.حميد عبدالله، شهادات الخاصة،٢٠٢١.

٣-مكامن التاريخ،٢٠٢١.

٤-بهجت الكوردى،٢٠٢١.

٥-ارشيف الرئيس صدام،٢٠٢١.

٦-بنكهة العراقية،٢٠٢١.

٧-العراق في القرن،٢٠٢١.

٨-Utv -٢٠٢١.

٩ - قناة الفلوجة، ٢٠٢١



